

# مەلا کاکەحەمەی
# حاجی سەیفولا تاڵشی



# مەلا کاکەحەمەی حاجی سەیفولا تاڵشی

نووسینی: د.عومەر نیزامی



دیاری خاڵ (١)

## مەلا کاکەحەمەی حاجی سەیفولا تاڵشی


نووسینی: د. عومەر نیزامی

بابەت: لێکۆڵینەوەی مێژوو

دیزاین: ڕەوشت محەمەد

تیراژ: 1000 دانە

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم 2025/ سلێمانی

# نێوەڕۆک

# پێشەکی

دوور نیە خوێنەری ئازیز بڵێت: ملا کاکە حمە زۆری لەسەر نوسراوە، ئەی تۆ بۆچ ئەوەندە خۆت ماندوو کرد لەم باسەدا، با خەریکی ژیانی مەلایەکی بێکەس و بێناو بوایەی. قسەکەیشی راست و دروستە. بەڵام بەراستی خۆم زۆر ماندوو بووم بە خوێندنەوەو، لێکوڵینەوەی ژیانی ئەم پیاوە بەڕێزەوە، هاوکاری مزگەوتیشم (مامۆستا عومەر شێخ مارف سەنگاوی) زۆری هەڵنام، شتێکی نهێنیش هەبوو -نازانم چیبوو؟ - دەسکێشی ئەکردم بۆ ئەوەی شەوو ڕۆژ بخەمە سەر یەک، بۆ بە دوادا چوونی ژیان و هەنگاوەکانی.

بۆیە دوای ئەم هەموو هەوڵ و تێکۆشانە حەزمکرد ڕەنجەکەم بە زایە نەڕواو، هەندێک لەو هەست و کڵپ و کۆی دەروونمە بەرانبەر بەم مامۆستایەی وێنەی کەم بووە لە دینداری و کوردایەتیدا، بخەمە سەر کاغەز بۆ دواڕۆژ -هەرچەند لە دنیا بە خزمەت مەلا کاکە حەمە نەگەیشتووم- لە خوا دەخوازم لە بەهەشتدا پێکەوە کۆ بینەوە، شکاتی خۆمان و ئەم گەلە بێ شوان و بێ دڵسۆزەمان بەرینە خزمەتی پێغەمبەر لە سەر حەوزی کەوسەر.

وێڕای ئەمەیش ئەم نامیلکەکەیە زۆر شتی تیایە لەوانەی پێشوودا نیە.

**عمر أحمد نیزامی**

**٢/رەمەزان/١٤٤٥ک - ٢٠٢٤/٣/١٢ز.**

**مۆبایل/ ٠٧٧٠١٥٧٢١٧٠**

## مامۆستا مەلا کاکەحەمە بە پێنوسی
## خۆی ژیاننامەی خۆی نوسیوە بەم شێوە:

### بە درێژی ناو و نەسەب و ژیانم

من کە محمد مەشهورم بە (ملا کاکە حمە) کوڕی حاجی (سیف الله) ی کوڕی حاجی ملا (حبیب الله)ی کوڕی ملا (میر مەلیک)م لە ئەسڵا لە کوردەکانی تاڵشی دۆلابین، لەسەر داوای سەربەخۆیی قەومەکە و رزگاربوونیان لە ئەسیری، لەپاش شەڕو شۆڕێکی بە شیددەت، باپیرەم کە سەرۆکیان بووە، لەگەڵ باوکم - کە عومری ( ١٥) ساڵ بووە - دوو بە دوو بە سەروەتێکی نەقدی زۆرەوە رایانکردووە.

باپیرەم بۆ حەجیش و، خۆشاردنەوە باوکمی لە سابڵاخ جێ هێشتووە، رۆیشتووە بۆ حەج، لە حەج وەفاتی کردووە و، باوکم هاتۆتە سلێمانی لای (موفتی چاومار) وەدایکمی لێ مارەکردووە، کە برازای بووەو، زۆر عالمە بووە. لەپاش تەواوکردنی عیلمەکان دەستی کردۆتە تیجارەت کردن، لە عومری(٥٤) ساڵیدا لە سلێمانی وەفاتی کرد.

جا من لە سلیمانی لەدایک بووم لە ساڵی (١٣٠٦) رۆمییا[١] (١٨٩٠)ز. جا لە حەوت ساڵیمەوە لای دایک و باوکم ئەمخۆند، لەسەر تەرتیبی خوێندنی ئەو وەختە قورئان و کتێبە وردە فارسی

---

١. رۆژنامەی رۆمی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە (١٣/ئازاری/١٨٤٠ز. دانراوە، هەمان رۆژنامەی هیجرییە، بەڵام بە حسابی شمسی.

یەکان و ئەمجا عیلمی نەحوو سەرفی عارەبی و، وە **ضع** و ئیستیعارە و عیلمی موباحەسە و باقی تر.

له عومری (۱۳) ساڵیما باوکم وەفاتی کرد، له ساڵی ۱۳۱۹ ڕۆمییا، ئیتر من لەجێی باوکم دانیشتم دەسم کردە توجاری، ئەمما له فرسەتا لای ملا حسینی پیسکەندی و، چروستانی و، ملا عزیزی موفتی دەرسم ئەخۆند، تا تەواو کردنی مەنتیق، وە عیلمی بەلاغەو عەقاید... ئەمما پەرۆشی خۆندن[2] بیری توجاری له مێشکما دەرکرد.

لەساڵی ۱۳۲۱ ڕۆمییا کە عومرم پانزە ساڵ بوو دایکم بێ ڕەزای من ژنی بۆ هێنام. له (۱۳۲۶) ڕۆمییا بیری خۆندن، وە لەریزی هەموو بێ ڕۆح لەبەرێ خۆدەرکردن و، خۆ خستنە ریزی تاقمی ئینسانەوە و، دنیام لابووە زیندان، دوکان و ژن و کوڕ و دایک و خوشک و دوو برا لەخۆم منداڵ ترم جێ هێشتوو، لەو زیندانە فیرارم کرد بەناوی فەقێیەتی بۆ ناو کوردستانی ئێران. له سنە و سەقز و سابڵاخ و سەردەشت دەستم کردە خۆندن، لەپاشا هاتمە کۆیسنجەق و لەوێ عیلمە دینی یەکانم تەواوکرد.

له ساڵی (۱۳۳۰) رومییا ، لەپاش (۱۵) ڕۆژ شایی و ئیمتیحان، لای مەلا بەهائوالدّین ئیجازەم وەرگرت و له تەرەف هەموانەوە خەڵات کرام. ئەمجا بەجبە و میزەری خەڵاتیەوە هاتمەوە سلیمانی ناو ماڵ و منداڵ.

---

۲. لەدەسنووسەکەدا (خۆند)ە دیارە هەڵەی قەڵەمە.

جا من لە حەوت ساڵیمەوە هەموو کاتێ میکرۆبی مێشکی باپیرەم لە مێشکا بوو، بەو ماخۆلانەوە نەمتوانی لەشارا بژیم، رامکردە لادێ کە کەمتر هێزی بەسەرەوە بوو.. دوبارە هەموانم جێ هێشت، کە ئەو وەختە عومرم (٢٥) ساڵ بوو. لەپاش بەینێ گیرام بۆ عەسکەری لە بێروت، لە وان و باشقەڵا، لە شەڕەکانی (سەلمان پاک، بەغدا، سامەڕە) تا هودنە دەوامم کرد.. دوبارە نەچوومەوە شار، هاتمەوە لادێ.

بەینێ بۆ خەرج کردنی نوفوزی شیخ لە غایەکەما، کەئەو وەختە نفوزی بەهێز لای تاقمی شێخی کربچنەو، لای شیخ قادری شیخ کەریمی کەسنەزانی و، دوای ئەو لای شیخ حسینی کوڕی مامەوە، تا وەختێ حوکمداریی کورد بۆ (شیخ محمودی حفید زادە) قەراردرا و، سلیمانی لەدەست تورک دەرچوو. وە شیخ عبدالقادری گۆپتەپە[٣] مەشهور بە (گولەنەبڕ) کرایە مودیری سەنگاو، منیش خۆم تێ خشاند، کرامە قازی سەنگاو، جا ئیدارەی ناحیەکەم گرتە دەستی خۆم.

لەپاش تێکچوونی حوکمدار لەگەڵ ئینگلیزو، نەتیجەی ئیشەکە تیگەیشتن، لە حوکمدار جیا بووینەوەو، لە تەرەفی ئینگلیز و عارەبەوە قرداخ کرایە قەزا و، ناحیەی سەنگاوی خرایە سەرو، شیخ عبدالقادر کرایە قایمقامی قەرەداخ و من کرامە قازی قرداخ. ئیتر هەموو وەزیفەی هەموو ئوموری قەزاکە من سەرپەرشتیم ئەکرد ، شاخی گلەزەردە حودودی بەینمان بوو لەگەڵ شیخ محمود

---

٣. لەدەسنووسەکەدا (گۆگتەپە)ەیە دیارە هەڵەی قەڵەمە.

تا له ساڵی ١٩٢٥میلادییا شیخ عبدالقادر گیرا و سەوق کرا، من له سلیمانی هێڵرامەوه تا چوار مانگ له موحاکەمه و موراقەبەدا، له پاشا به (٣٠) هەزار روپیه کەفیلی ئیزن درام بۆ ناوجاف. دوو ساڵ لەناو جافدا مامەوه، که هاوین له ئێران رامان ئەبواردوو، زستان ئەهاتینەوه سەنگاو. جا به هەموو جۆری خەریک بووم به نوفوزی ئەوانیش هیچ نەکرا.

جا قەراری ئاخری و باوەڕم هاته سەر ئەوه: که قەومەکەمان تا له صەد شەصتی خوێندەواری تەواو نەبێت ، کەوابن زانینەکەیان بۆ خۆش رابوێرو، خۆ نیشاندان خەرج نەکەن؛ بەهیچ نابین.

جا مەجبور بووم که ژیانم به دەرس وتنەوه خەرج بکەم بەوانەی که له دەرەوەن، دەرسیان دەس ناکەوی. لەو وەختەوه خەریکی ئەوەم، ئەویش بۆ حوڕی فروتن به مەعاش و، خۆ به مەلا مەشهور کردن، بۆ خۆ ژیاندن به خەڵق نا. نایەڵن[٤]! ئاخ، صەد ئاخ وتم نامرم، ئەم مرێنن.

**سورەتی تەبیات و ژیانم:**

(نانی جۆی رەقەوه بووی وشکی، لەگەڵ هەموو نەوعە خواردنه نایابەکان و میوه بەتامەکان لام وەک یەکه). گونیه و لەباد لەبەرکردن، لەگەڵ فاسۆنی لەندەنی وه شتی نایاب بەلامەوه تەفاوتی نیه. مەتحو زەمکردنم لا موساوییه. حورمەت گرتن و تەحقیرم لا بێ فەرقه.

---

٤. لەدەسنووسەکەدا هەڵەیەکی تیایه، مامۆستا بەختیار جلال ملا کاکه حمه بەم شێوەی سەرەوه راستی کردۆتەوه.نووسەر.

**مەنهەجی دەرسم ئەمەیە بۆ قوتابی:**

شەو و ڕۆژ بەش ئەکەم بە سێ بەش وەک یەک:

یەک/ خەوو ئیسراحەت و. دوو/ عیبادەت. سێ/ خەریکبوونی زانین.

خواردن میقداری نەوعی و وەختی. پاکی بەدەن و لیباس، هەموو کاتێ چاودێری ئەکرێ. ریازەی بەدەن هەموو ڕۆژێ، ئیمتیحان هەموو هەفتەیەک. وجوبیە هەموو عیبادەتی دینی و فێربوون و کردنی.

لەپێش هەموانا نوسین و حیساب فێربوون. خۆندن و زانینی کوردی لەسەر قاعیدە، ئەمجا عارەبی، ئەمجا فارسی، ئەمجا تورکی ئەمجا نەوعیتر. دوای عیشا خەوتن، دوو سەعات شەوی بمێنێ هەڵسان بۆ دەرس[٥].

ئەم دەسنووسەی مەلا کاکە حمە دوودیوە، دیوی یەکەم ئەم ژیاننامەیە کە زۆر بە چڕی نووسیویەتی. دیوی دووەم پرسیاروو وەڵامە، بەم شێوە:

پرسیاروو وەڵام: تەنها وەڵامەکانی داناوە لە جێی پرسیارەکان دوو نیشانەی یەکسانی داناوە:

١- ڕەسمم لانیەو، ڕەسم گرم دەسناکەوێ، ناچمە شار.

٢- لەباسی ژیانما کەلەو دیوەوە نوسراوە، ئەم وەڵامە دێنێتە بەرچاو: عیلمە دینییەکان هەموو فێربووم، خۆندومن، بەو هێزە

---

٥. ژیاننامەی ملا کاکە حمە بە خەتی خۆی، وەرگیراوە: لەدەسنوسێکی ملا کاکە حمە کەلای مامۆستا محی الدین عبد القادر بوو، وەک خۆی دانراوە. نووسەر.

له مەدنییەکانیش ئەوانە فێربووم کە کتێبم تیا دروست کردووەو لە لیستەکەدایە.

٣- ئامانجم تەنها خزمەتی زانیاری کەساسە هیچ دەسنەکەوتووەکان و هیچ نەزانەکانە.

٤- ئەو نوسینانەم هەیە کە لە لیستە پێچراوەکەدا نوسیومەو، پێشکەشم کردووە.

٥- ئامۆژگایم جگە لە واجباتی دین ئەوەیە: بە خوێندن ئینسان لە باقی رۆح لەبەر جیا ئەکرێتەوە،

وەنابێ خۆندن بۆ ئەو مەلایی یە بێ کە خۆ بەخەڵق بژێنێ، یا ببێتە مەئمورو حوڕیەکەی بفەوتێ، ئەبێ بۆ ئەوە خەریک بێ فێری زانیاری و سەنعەت ببێ تا ئەتوانێ، ئەوسا بەو دوانە خزمەتی قەومەکەی بکا.

٦- کەسم خۆشناوێ ئەوانە نەبێ کە لەسەر فکری من بێ، لەوە دڵشکستم کە هەر بۆ خۆ بە خەڵق نیشاندان خەریکە.

٧- فەلسەفەی ژینم لە نوسینەکانما ئەزانرێ کە نوسرا.

٨-بیری کەس ناکەم، سەر لەکەس نادەم، کەس سەرم لێ نادا، لای زۆرتری خەڵق لایان وایە هیچ کەسم نیە، هەر وایان دیوە.

٩- ئەوانەی خزمەتی بیرەکەم بکەن رۆحم فیدایانەو، ئیتر کەسی ترم ناوێ.

١٠- ئەمەوێ خزمەتەکەم دوای مردن لاسایی بکرێتەوە ئەگەر بیکەن، نامەوێ بناسرێم با بۆنی بۆ خۆ هەوڵدانی لێ نەیێ.

چیارەزا/ مەیدان/ خانەقی/ دیالە/ مەلا کاکەحمە. ١٩٥٨/١/١١.

نوسراوە شیرینەکەت زیارەت کرا، لە خۆشی دۆزینەوەی ئینسانی تەواوو، بەراستی هەوڵدەر بۆ بەرزی و خزمەتی قەوم، بێ خۆ نیشاندان وەختە شادە مەرگ بم!. یاخوا تۆ بە مراد بگەی و هاوڕێت زۆر بێ، ئەمّا ئاخ نایبینم!.بە پێی داواکەت بەراستی و درێژی نوسیم و، بە پێچراوەیی پیشکەشکرا، یاخوا رێکەوێ بتبینم ناو دەمت ماچ کەم، ئیتر بژین ژیانی ئەبەدی. ئیمزای ملا کاکەحمە.

تا ئەم ئیمزا ملا کاکەحمە بە خەتی خۆی نوسیوییەتی، وێنەیەکی ئەو دەسخەتەم دەستکەوت لەلایەن بەڕێز مامۆستا محی الدین عبد القادر ، کەبەڕێز مامۆستا عباس حسن باجلان بۆی هێنام رۆژی ( ٢٠٢٣/١١/٢٧) خوا پاداشیان بداتەوە، منیش وەک خۆی دامناوە، تەنها ڕێنووسەکەیم گۆڕیوە، لە هەندێ شوێندا ڕێنووسەکەیشم نەگۆڕیوە.

ئەم ژیاننامەی ملا کاکە حمە بە داڕشتنەکەیدا وا دیارە بۆ کەسێکی ناردووە کەداوای لێکردووە، وەک لە کۆتایی یەکەیدا دیارە بە ڕوونی. بۆیە بەندە وای بۆ دەچم ئەمە نوسخەی دووەم بێت و، هەندێکیش کورت کرابێتەوە؛ چونکە وەک بەدوادا چوونم بۆ کردووە، دوو نوسخە ژیاننامەی بەخەتی خۆی نووسیوە:

- نوسخەی یەکەم لەناو ئەو مینهاجە دەسنووسەدا بووە کە مامۆستا محیٰ الدین وەریگرتووە لە مامۆستا (عمر شێخ مارف سەنگاوی) بۆ لێکوڵینەوەو چاپکردن، ئەویش بە ئەمانەت لە ملا حکیم ی ئیمامی مزگەوتی (شێخ عەباسی) گەڕەکی جولەکانی وەرگرتووە،

دواتر کتێبەکەیان داوەتەوە بە ملا حکیم، بەڵام ژیاننامەکە هەر لای مامۆستا محی الدین ماوە، وەک خۆی فەرمووی.

هەر لەم کەین و بەینەدا زۆر پرسیارم لەم و لەو کرد، تا بنەماڵەی ملا حەکیمم دۆزیەوەو، تەلەفوونم کرد بۆ کاک محمدی کوڕی کە ئەو کتێبەم بۆ بدۆزێتەوە، ئەوانیش زۆر گەڕابوون بۆی، بەڵام دواتر تەلەفوونیان بۆ کردمەوە ئەو کتێبە لای ئێمە نیەو، دوای وەفاتی باوکمان نازانین چی بەسەرهاتووەو، کێ بردوویەتی؟!.

نوسخەی دووەم (کاک بەختیار جلال) کوڕەزای ملا کاکە حمە دەڵێت: خۆم داومە بە مامۆستا محی الدین عبد القادر، بەڵام بۆی نەگێڕاومەتەوە. بەڵام خۆشبەختانە بەر لەوەی ئەو بیبات، کاک بەختیار بەخەتی خۆی نوسخەیەکی لەبەر نوسیوەتەوە، ئیستە ئەو نوسخە ماوەو وێنەیەکیشی بۆ من هێنا رۆژی (٢٠٢٣/١١/٢٢) کە دیمانەیەکم لە خزمەتیدا ساز کرد، کاتێ تەشریفی هێنا بۆ حوجرەی مزگەوتی بێخود. بەڵام هەردوو دەسخەتەکەی مامۆستا ملا کاکە حمە لای مامۆستا محی الدین بووەو – بەداخەوە- ونی کردووە!، زۆریشی لێ پاڕامەوە بۆی بگەڕێت، دەڵێ خستوومەتە ناو کتێب و نازانم کام کتێبە!.

لە هەندێ ژیاننامەکانی تردا کە مامۆستا بەختیاری کوڕی ملا کاکە حمە و ، مامۆستا شاکر فتاح و، کەسانی تر نوسیویانە زۆر شتی تری تیایە کە هەر لەنووسینی ملا کاکەحمە خۆی وەریان گرتووەو، هەندێ لایەنی تری ژیان و مەدرەسەکەی ملا کاکە حمەی ڕوونکردۆتەوە، وەک ئەمانەی خوارەوە:

لەناو جافی کۆچەری، فیرقەی (میکایەڵی (١٩٢٦ بۆ ١٩٣١) خزمەتم کرد). لە ساڵی (١٩٤٥ تا ١٩٥٠) لە ناو عەشیرەتی داودە قوتابخانەم دامەزراند.

## ساڵی (١٩٥٠ تا ١٩٥٥) دووبارە لە سەنگاو.

لە ساڵی (١٩٥٥ تا ١٩٦١) لە گوندی باقوبەرەی هۆرێن و شێخانی هەرێمی خانەقی بەناوی واعیزی سەییار لەلایەن ئەوقافەوە دامەزرام، لەهەمان کاتدا دەرسم بە قوتابیان دەوتەوە

وادیارە لە کۆتایی ژیانیدا ئەم ژیاننامەی نوسیوە، چونکە هەتا دوا مەنزڵی خۆی باس کردووە کە گوندی باق و بەرەیە.

مامۆستا ملا صالح محمد أمین ی کەلار کە یەکێکە لە فەقێکانی دەڵێت: (ملا کاکە حمە لە باق و بەرەوە گواستیەوە بۆ (چیا رەزا) بەهۆی عاجز بوونی لە شیخ حمەصاڵح، یەک دوو ساڵ لەوێ مایەوە لای شیخ عوسمانی تاڵەبانی. بەڵام دیسان شیخ حمەصاڵح هات بەدوایاو لە ڕێی قایمقامی خانەقینەوە ئاشتی کردەوە و، بردیەوە بۆ (باق و بەرە) هەتا دوا مەنزڵی لەوێ نەخۆش کەوت و م/ عبدالرحمانی برام و ، مامۆستا محمود فرج لە خزمەتیا هاتن بۆ سلیمانی، دوای چەند ڕۆژێک لە سلیمانی وەفاتی کرد لە (١٩٦١/٥/١٠)[٦].

٦. پەیوەندی تەلەفوونی لەخزمەت مامۆستا ملا صالح، ٢٢٠٢/٢١/٩١ز.

## منداڵەکانی ملا کاکە حمە

ملا کاکە حمە سێ ژنی هێناوە:

یەکەم/ حەلاوەی کەریم ئەفەندی ملا عزیزی قازانقایە. لەم خێزانە دوو کوڕ و دوو کچی بووە، دوانیان بە منداڵی مردوون، جلال و بەهیەی بۆماوەتەوە.

دووەم/ بەهێ کچی حسین ئەفەندی قرداغی. (کمال و جمال) ی بووە. ئەم منداڵانەیش وەچەیان هەیە و لە سلیمانیدان، خوا بەرەکەت بخاتە کاروباریان.

سێیەم/ حەپسەی عزیز ئاغا. سێ منداڵی بووە، کەسیان نەماوەو وەچەیان نیە.

لە ژیانی ملا کاکە حمەدا - کە خۆی نوسیویەتی – بۆمان دەرکەوت کە کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەند بووە، خاوەنی دوکان و بازرگانی بووە، لەلایەکی تریشەوە دایکی لە بنەماڵەی موفتی چاومار بووە، کە ناودارترین و دەسەڵاتدارترین خانەوادەی سلێمانی ئەو سەردەمە بوون. بەڵام هەر زوو لە سەردەمی فەقێیەتیدا ملا کاکە حمە شەیدای زانست بووە و، دوکان و بازاڕ و دایکی دڵسۆز و منداڵە جگەر سۆزەکەی جێ هێلاوە و، ئاوارەی ئێران بووە بەدوای هەنگوینی عیلمداو، تا دواجار لە کۆیەی حاجی قادر و مەلای گەورەو شاری مەردان بە ئاواتی شادبووە.

ملا کاکە حمەی رەحمەتی ئەگەر بیویستایە بەهۆی بنەماڵەی (موفتی)وە باشترین شوێنی دەست دەکەوت دوای ئیجازە وەرگرتنی، بەڵام وەک خۆی دەفەرموێ: بیری ئازادی کوردستانی لە باپیریەوە بۆ جیماوە و نەیتوانیوە لە شاردا بژی، بۆیە رایکردۆتە لادێ هەتا

دەس بە سەری دەسەڵاتی میری نەبێت.
هەمیشە یادی لەوە کردۆتەوە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەم گەلە راچڵەکێنێ و بەرەو ئازادی دین و دنیا بیانبات.. هەر بەو نیازەیشەوە چووەتە لای شیخ قادری شیخ کریمی کەسنەزانی، وەک دەفەرموێ: (بۆ خەرج کردنی نوفوزی شیخ لە غایەکەما کە ئەو وەختە نفوزی بەهێزی لای تاقمی شیخی کربچنە بوو..هتد).
هەر بەو نیازەیشەوە لە حوکومەتی شیخ محمودا بووە بە قازی سەنگاو، دواتریش لە حوکومەتی ئینگلیزی داگیر کەردا بووە بە قازی قەرەداغ، بەڵکو لەو ڕێوە خزمەت بە خەڵک بکات.
دوای چوار مانگ گیران و دەس بەسەری جارێکی تر هەر بەو نیازەوە پاڵ ئەدات بە هۆزەکانی جافەوەو کۆچی هاوینە و زستانەیان لەگەڵ دەکات، بەڵکو بەنوفوزی ئەوان شتێ بکات... دوای ئەم هەوڵ و تەقالا ئاخر قەراری دێتە سەر ئەوەی دەسبەرداری هەموو ئەم هەوڵانە ببێت و ژیانی خۆی بەخت کات لەپێناو وانە وتنەوەدا، بەڵام لەناو ئەوانەی کە لە دەرەوەن و دەرسیان دەس ناکەوێ، ئەویش نەبۆ خۆدەرخستن و نەبۆ مەعاش، نەبۆ خۆ ژیاندن بە خەڵک، بەڵکو تەنیا لەپێناوی خواو بۆ وریاکردنەوەی خەڵک لەگەڵ ئەم نیازە پاکەیشدا هیشتا رێگرو ئاستەنگ لەبەردەمیدا زۆربووە، بۆیە دەفەرموێ: (ئاخ! نایەڵن، وتم: نامرم ئەم مرێنن !).
یان لە کۆتایی کتێبی قانونی عوقوباتی بەغدادیدا نوسیویەتی: (تەواوبوو لە ناحیەی سەنگاو... لەحاڵی عەجزا، بە حەقیقەت دڵ پەرێشان و بێ تاقەتم!).

## خوێندنگاكانی ملا كاكە حمە

ملا كاكە حمە لەم شوێنانە مامۆستایەتی كردووەو وانەی وتۆتەوە:

ناو هۆزی مكایەڵی كە گەرمیان و كوێستانی لەگەڵ كردوون. دوای ئەوە كربچنە، فقی مصتەفا، مەلا هۆمەر، كۆیک، مەسۆیی، خان ئیبراهیم، خانچی، داربەڕوو، قرداغ، قزرابات،چەوری، دوڕاجی، تەپەسپی، سیامەنصور، چیا رەزا، باقووبەرە. لە بیرەوەریەكەیدا نوسیویەتی:

لە ١٩٤٠/٨/١ تا ١٩٤٤/١١/١ لەناو (داوودە) دەرسەكانی خوارەوەم بە (٢٤) قوتابی وتەوە كە كوڕی ئاغا و مسكێن بوون، خەلكی ئەم ئاوایی یانە بوون: دوڕاجی، چەوری، غەڕە، قەڵا، پەڵكانە، قوڕی چایی زینانە، قەڵخان لوو، هۆمەر صۆفی، لفتی ئاغا. بەخۆڕایی دەرسم ئەوتەوەو خزمەتم ئەكرد، چونكە خەڵكێكی نەزان بەهیچ نابێ نەبۆ دین نەبۆ دنیا. غایەم ئەوەبوو كە ئەمانە لە زانینی دینی و مەدەنی بەقەد تاقەت و توانا شتێ وەرگرن، ئەوسا بەرۆح خەریكی موكافەحەی نەزانی قەومەكە بن، ببنە بناغە بۆ ئەوەی تاقمێكی گەورە ببنە زانیار؛ تا بە زانینەوە بە صنعەت و زەراعەت و كاسبی ژیانێكی بەشەریان دەسكەوێ[٧].

دەربارەی مەنهەجی دەرس و ژیانی خۆی و فەقێكانی لە ژیاننامەكەیدا دەفەرموێ: شەو و رۆژم دەكەم بە سێ بەش وەک یەک:

---

٧. مەلا كاكە حمە، شاكر فتاح، ل: ٣٢، ٤٢.

یەکەم/ خەو و ئیسراحەت. دووەم/ عیبادەت. سێیەم/ خەریکبوون بە زانین.

خواردن میقداری نەوعی، وەختی، پاکی بەدەن و لیباس، هەموو کاتێ چاودێری دەکرێ. ریازەی بەدەنی هەموو رۆژێ. ئیمتیحان هەموو هەفتەیەک. وجوبیە هەموو عیبادەتی دینی فێربوون و کردنی.

لەپێش هەموانا نوسین و حیساب فێربوون. خوێندن و زانینی کوردی لەسەر قاعیدە، ئەمجا عارەبی، ئەمجا فارسی، ئەمجا تورکی ئەمجا ئەویتر. دوای عیشا خەوتن دوو سەعات شەوی بمێنێ هەڵسان بۆ دەرس.

## مەنهەجی ژیان و خوێندنی فەقێکانی

١- هیچ وەختێ تێکەڵی غەیری خۆیان نەبن.

٢-خەوو، خواردن، ئیسراحەت، پاکی، دەرسیان دائیمەن لەژێر چاودێری فەننیا بێت.

٣-بەش کردنی شەوو رۆژیان بەسێ بەشی وەک یەک:

یەکەم بۆ خەو، دووەم بۆ خوێندن، سێیەم بۆ رەحەتی عیبادەت و خواردن و وازی و یاری.

٤-غایەیان تەنها دەسکەوتنی زانین بێ، کە بتوانن موکافەحەی نەزانی قەوم بکەن و هیچی تر.

٥-شەوو رۆژ پێنج فەرزەکە بە جەماعەت بکەن، بە نۆرە بانگ بدەن، ئیمامەت بکەن.

٦- له ڕەحەتیا حوڕبن نەوعە رابواردنێکی وا خۆشیان هەبێ کە فیکری هیچی تر نەکەنەوە.

٧- لە زەراعەتدا، لەشتی تریشدا ئەوەی ئەیخوێنن بیشی کەن.

٨- هەموو ڕۆژێ بەگوێرەی توانا ریازەی بەدەنیان ببێ.

٩- لیباسیان هەموو یەک نەوع بێت

١٠- لایان وابێ هەموویان لەیەک دایک و باوکن.

١١-بەنۆبە دائیمەن خوتبەی مەعقول بخوێنن بەسەربەستی.

١٢- هەموو ڕۆژێ ئیمتیحانیان ببێ

١٣- وەخت و میقدارو نەوعی خواردن و خواردنەوەو خەویان مەعلوم بێ.

١٤- هەموو وەختێ میقدارێ پێش بەیانی لەخەو هەڵسن

١٥- لە شەویشدا دەرسیان هەبێ.

١٦- زۆر بەدیققەت لە تۆزو پیسی خۆیان بپارێزن

ئەمە کورتەی بیرەوەرییەکانیەتی دەربارەی مەنهەج و ڕاڕەوی دەرس وتنەوەی و ئەو دەرس و ماددانەی کە بە فەقێی وتووە، بەڵام دیارە هەرکەس لەوان بەگوێرەی ئاستی خۆی دەرسی پێوتوون، نەک هەموو ئەم دەرسانە بۆ هەموویان، چونکە شتی وەها نەگونجاوە.

مەلا کاکە حمە یان خەریکی وانە وتنەوە بووە، یان خەریکی نووسین بووە، شوێنەوارەکانی ژیانی گەواهی ئەوەی بۆ ئەدەن کاتی خۆی بە زایە نەداوە، تەنانەت کاتێ لە سەفەریشدا بووە هەر خەریکی نووسین بووە.

ئینجا دەفەرموێ: بەم نەوعە (٥١) مانگ سەعی کرا، بەقەد توانا خەریکی سەرکەوتن و پێگەیشتن بوون.

ناوی هەندێ لە قوتابیانی ملا کاکە حمە لە گوندی (فقی مصتەفا (١٩٣١ – ١٩٤٥).

ملا تەقی. خورشید حسین. احمد کریم. باباعلی عبدالرحمان. کریم حمەخان. علی قادر صالح. رەیس قادر صالح. روستەم محمود. مدحت قادر خلیفە. فقی حسین. رشید حسین. فرج نامق مصتەفا. حسن محمد بابا سەن. عمر سعدون. رەئوف توفیق مصتەفا. عبدالکریم محمد صاڵح. محمود شیخ عبدالکریم بانیمۆردی[٨].

مامۆستا سعید إسماعیل ناوی هەندێکی تری نووسیوە لە فەقێکانی فەقێ مصتەفا، وەک:

ملا کاکەوڵا، واحید علی سعید، أحمد محمد باباسەن، أحمد محمد خان، صاڵح علی محمد مەسۆیی، صاڵح محمود مرادخان کۆیکی.

ئینجا دەڵێ: ئەو کاتەی ملا کاکەحمە لە فقێ مصتەفا بووە، ئاغاکانی دەورو بەر گرفتیان بۆ دروست کردووەو لای سەعی قەزاز -بەڕێوەبەری ناوچەی خورماتوو- شکاتیان لێ کردووە، ئەویش لەگەڵا پازدە پۆلیس هاتووە بۆ ڕووخاندنی مەدرەسەکەی،

---

٨. ملا کاکە حمەی حاجی سەیفوڵلا. زانایەکی گومناو. زانا قرداغی، ل: ١٩، ٢٠، چاپخانەی حەمدی – سلێمانی، ٢٠١٩.

بەڵام کاتێ پرسیاری کردووە لەخەڵکی گوندەکان و، بۆی دەرکەوتووە مەلا کاکەحمە هیچ مەبەستێکی نیە جگە لە رەزامەندی خواو خزمەت بەخەڵک، گەڕاوەتەوە، باری دوو هێستر پێداویستی ناردووە بۆ ئەو قوتابخانە.

بەڵام ئاغاو دەرەبەگەکان هەر لێی نەگەڕاون جارێکی تر لای بەڕێوەبەری ناحیەی قادر کەرەم شکاتیان لێکردووە، ئەویش پۆلیسی ناردووەو قوتابخانەکەیان ڕوخاندووە، بۆیە ناچار بووە ماوەیەک لە ئەشکەوتی (کەڵۆز گەورە) وانەی بە قوتابییەکانی وتۆتەوە.[٩]

ناوی قوتابیانی لەگوندی داربەڕوو

شیخ عبدالعزیز شیخ محمد. شیخ بەهادین شیخ محی الدین. شیخ عمر مامە شیخ فرج. محمود مام فرج. نەوروڵی.

## ناوی قوتابیانی لەگوندی چەوری

کریم روستەم ولی. محمد امین حسن. ناسراو بە ملا حمە امین. رشید خلیل ئاغا. نەجیب حمەامین ئاغا. فقێ علی. علی مصتەفا صۆفی. حمەصالح سعید. ملا رەزا. تەڵعەت ئیبراهیم ئاغا. شوکر فتاح علی. محسن عباس عزیز ئاغا خەڵکی چەوری. سید حسین سید محمود خەڵکی پەڵکانە. کریم خۆشە خاڵە خەڵکی ساڵەیی. مجید حەمەد بەندەر خەڵکی چەوری. حمەعلی حمەصاڵح ئاغا. محمد احمد عزیز خەڵکی چەوری.

---

٩. (٢٠١٨).) ئەنفالی گوندی فەقێ مصتەفا، سعید ئیسماعیل حسێن، ل:٨٤- ٨٦، چ: ١، چاپخانەی کارۆ.

نوری علی وردە خەڵکی دوڕاجی. نوری سەرچەرموو خەڵکی قزرابات. کریم محمد فتاح. محمد صالح احمد. سعید احمد. خلیفە سعید. واتا: مامۆستا مەلا کاکەحمە کوڕە هەژار و کوڕە ئاغای پێکەوە گرێداوە.

## ناوی قوتابیانی لەگوندی باق و بەرە (١٩٥٥ - ١٩٦١)

محمود فرج ئەمین (ملا محمود فرج). بکر شیخ عوسمان تاڵەبانی. عبدالله شیخ عوسمان تاڵەبانی. قادر شیخ عوسمان تاڵەبانی.ئیبراهیم یاسین (یەکێکە لە قوتابی یە عەرەبەکان). شیخ سعید شیخ محمد صاڵح. ملا عبدالرحمان محمد امین باق و بەرەیی. ملا صالح محمد امین باق و بەرەیی- ئەم دوو برا ئێستا لە کەلارن- عبدالله کریم وەیس. باقر شیخ حسن شیخ عبدالقادر. علی محمد خوارەحم. حسن محمد خوارەحم. ملا محمد زەلکەیی. ملا حمە فرج حمید وەرمزیار. ملا حمید ملا فرج بێلوولەیی[١٠].

## پێناسەی ملا کاکە حەمە

مامۆستا بەختیار جلال کوڕەزای ملا کاکە حمە دەڵێت: بیرم دێت ناو بەناو باپیرم سەردانی دەکردین، زۆر بەکەمی لامان دەمایەوە، کە دەهاتەوە جانتاو کەل و پەلی پێ نەبوو، زۆر هەوڵمان دەدا لە گەڵی زیاتر لەلامان بمێنێتەوە، بەڵام ئەو دەیوت: ئێستا

١٠. ملا کاکە حمەی حاجی سەیفوڵڵا. زانایەکی گومناو. زانا قرداغی، ل: ٢٢-٢٦.

قوتابییەکانم چاوەڕێمن، من هەر ئەوەندە پشووم وەرگرتووە.

لەدواییدا بۆم دەرکەوت کەئەو قوتابخانەی تایبەتی خۆی هەیە لە گوندەکانی کوردستان دەگەڕێت و دەرس دەڵێتەوە بەخۆڕایی.

مامۆستا زانا قرداغی دەڵێت: علی زەندی هەندێ زانیاری لەبارەی ماموستا ملا کاکە حەمەوە پێدام ئەمە کورتەکەیەتی:

ماموستا ملا کاکە حمە سکەی پارەی هەبوو، بەمس پارەی دروست دەکرد: (٥٠) فلس و، صەد فلس. پارەکەیان دەبرد لە کفری ئەیاندا بە پێویستی بۆ قوتابیان و قوتابخانەکە، تاماوەیەک لەمەوبەر چەند پارچەیەکی ئەو سکەم پاراست، دواتر فەوتا.

ملا کاکە حمە نزیکەی (١٤ ساڵ) لەگوندی فقی مستەفا مایەوە، لەبەر پەرۆشی بۆ قوتابیەکانی زۆر کەم سەردانی ماڵ و منداڵی دەکرد، شەوو رۆژی خستبووە سەریەک بۆ ئەوەی قوتابییەکانی پێبگەیەنێ.

خەلیفە سعید احمد کە قوتابی ملا کاکە حمە بووە لە (چەوری) دەڵێت: من بچووکترین قوتابی ملا کاکە حمە بووم، لەلایەن قوتابی یەکانیەوە دەرسیان پێدەوتم. ملا کاکە حمە پیاوێکی موسوڵمانی سەر راستی زیرەک و خەمخۆر و کورد پەروەر بوو، وانەکانی تەنها ئاینی نەبوون، بەڵکو زانستی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون.

ملا کاکە حمە زۆرجار شیعری بۆمان دەخوێندەوە من تەنها ئەم تۆزەم بیرماوە:

دڵ و دەروونم مەست و گیراوە
وەک کەو ناوقەفەس شەوقمان نەماوە.
کوردینە وەرن هەموو بخوێنین
کوردەکان بەگەل تێبگەیەنین.

ئینجا ئەیوت: رۆڵەکانم لە مانای ئەم شیعرە تێدەگەن؟ ئێمەیش دەمانوت: بەڵێ. ئەویش ئەیفەرموو: بەخوا وەک من لێی تێناگەن.. مەبەستی ئەوەبوو: ئەگەر وەک ئەو نرخی خوێنەواریمان بزانیایە وەک ئەو هەوڵمان ئەدا. هەروەها خلیفە سعید دەگێڕێتەوە: مەلا کاکە حمە لە دێی دوڕاجیوە دەهات بۆ دێی چەوری بۆ سەردانی قوتابیەکانی، ئێمەیش ڕامان دەکردوو پێشوازیمان لێدەکرد، ئەویش باوەشی پیا دەکردین و ماچی دەکردین بەدەم پێکەنینەوە، ئێمە ئەوکات چڵکن و چڵمن بووین، نازانم چۆن بێزی لێمان نەدەکردەوە؟

مەلا کاکە حمە هەمیشە گیرفانی پڕ بوو لە نوقڵ وشیرینی سەروو دانەی ئەداینێ.

مامۆستا وەرزشی پێدەکردین لای چەمەکەی چەوری، وەرزشەکانی ڕۆشتنی سەربازی و، ڕاکردن و پێشبڕکێ بوو. ئاستی قوتابیەکانیشی هێندە بەرز بوو بە دووساڵ فێری قورئانی پیرۆزی دەکردین، کە قورئان خوێندنەوە لە کتێبی ئاسایی قورسترە[11].

لە پەیوەندییەکی تەلەفونیدا چەند پرسیاریکم کرد لە مامۆستا عبدالحمید فرج بیلوولەیی دەربارەی ملا کاکە حمە ئەمە کورتەی وەڵامەکانییەتی:

---

١١. ملا کاکە حمەی حاجی سەیفولڵا. زانایەکی گومناو. زانا قرداغی، ل: ٤٢،٣٢.

ملا کاکە حمە سەرەتای پەنجاکان هاتە باق و بەرە، من ١٩٥٣ چوومە خزمەتی بۆ خوێندن هەردوو (عوامل)ی جورجانی و بەرکەوی و (کافیە)م لە خزمەتیدا خوێند. کۆتای پەنجاکان لەگەڵ شیخ (حماصاڵح)ی باخ و بەرە تێکچوو لەسەر فەقێیەک کە هەڵوێستێکی گەنجانەی نواندبوو، شیخ حمەصالح بە مامۆستای وت: ئەو فەقێ دەرکە، ئەویش فەرمووی: من فەقێم لە کوڕەکانم خۆشتر دەوێت، چۆن دەری دەکەم؟ لەسەر ئەوە نێوانیان ئاڵۆز بوو، مامۆستا چووە گوندی (چیا رەزا) بۆلای شیخ عوسمانی تاڵەبانی، تا ساڵێ دووساڵ لەوێ بوو، دوایی شیخ حمەصالح قایمقامی خانەقینی لەگەڵ خۆی برد بۆلای مامۆستا و ئاشتیان کردەوە و، گەڕایەوە بۆ باق و بەرە تا نەخۆشی وەفاتی.

دەربارەی پرسیارم لە مەنهەجی مامۆستا بۆ فێرکردن؟ فەرمووی: ئەو مەنهەجەی مامۆستا پیادەی دەکرد لای هیچ مەلایەک نەبوو، فەقێ دەبوو لە سەرەتای ئەلف و بێوە دەستی بکردایە بە خوێندن هەموو بەیانییەک بۆ نوێژی بەیانی هەڵیئەسانین و ئەچووین بۆ (هەواسان) بەڕاکردن بۆ دەستنوێژ، بەراکردن دەچووین و دەهاتینەوە ئینجا ئیمامەتی بۆ دەکردین.

دوای نوێژ لە هەیوانی مزگەوت تەدریبی عەسکەری پێدەکردین: بۆ لای راست وەرگەڕی و، بۆلای چەپ، ماوەیەکی زۆر. دوایی نەشیدی پێدەخوێندین، من هەندێ لەو نەشیدەم بیرماوە:

ئەی منداڵینە بابچینە مەکتەب
بەڵکو فێرببین عیلم هەم ئەدەب
ئەمڕۆ زەمانەی عیلم و عیرفانە
بۆ دەردی جەهل مەکتەب دەرمانە
خەتی میسماری ئیسپاتی ئەکا
عیلمی عیراقی، جەهلی ئەوروپا
ئەوان بەرزییان هەر بەزانین بوو
ئێمە کەوتنمان لە نەزانین بوو!.

ئینجا ئەصلی دین و فەرعی دینی هەر بەلەبەر پێ دەوتین. مێژووی ژیانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەر لەبەر، تەئریخ و جوغرافیا. دوای ئەم دەرسانە دائەنیشتین بۆ نان و چای بەیانی، ئەوکاتە شەکر کوڵۆ بوو، خۆی شەکرەکەی دابەش دەکرد، هەرکەس چەند کوڵویەک شەکری ئەداینی، خۆیشی وەک ئێمە بە یەکسانی، دواتر هەرکەس شەکری لێ بمایەتەوەو هەڵیگرتایە تازۆر دەبوو، پارەی ئەداینێ و لێی دەکڕینەوە بۆ حوجرە.

دوای نان و چا دەستی دەکرد بەوانەی فەقێ گەورەکان وەک کتێبی (شرح العقاید) کتیبەکانی تر.

مامۆستا لە کیمیا و فیزیاشدا زۆر زانا بوو، مامۆستا گێڕایەوە کتێبیکم پێویست بوو بیخوێنم، لێرە کەس نەبوو پێم بڵێ، چوومە لوبنان دیم ئاخۆنێک ئەو کتێبە بە فەقێکانی دەڵێت، نوێژم کردو چوومە لای ئاخونەکە. لێی پرسیم: لەکوێوە هاتووی؟ ترسام لەوەی بڵێم: لە عیراقەوە هاتووم، چوونکە ئەیوت سوننەیە. بۆیە وتم: (از

همدان ئاماده ام) سێ مانگ لای مامەوە، هەموو کتێبەکەم خوێند و گەڕامەوە عێراق.

مامۆستا لەگەڵ شیخ محمود بەینیان تێک چووە، دوای ئەوە هاتۆتە قرداغ، دوایی چووە بۆ کربچنە، ئەوکاتە (میجرسۆن) حاکمی عیراق بووە، کاغەزی نوسیوە بۆ مامۆستا دێم بۆ دیدەنیت

مامۆستایش بە فەقێکان دەڵێ: هەرکات میجەرسۆن هات هەر چارەکێ یەکێکتان بێن و (تحیە)یەکی عەسکەریم بۆبکەن و بڵێن: ئێمە لەکوێوە بۆ کوێ بەرپرسین، کاتێ میجەرسۆن دێت، فەقێکان ئەم نەخشەی مامۆستا جێ بەجێ دەکەن و، بەچەکەوە دێن بۆلای مامۆستا هەتا ئەوماوەی میجەرسۆن لەوێ بووە چوار پێنج فەقێ دێنە ژوورەوە، کاتی میجەرسۆن ئەمەی دی (مەرسومێکی) بۆ دەرکردم و کردمی بە قازی قرداغ.

مامۆستا فەرمووی شەوێک فەقێکان ئاردەکەیان لەدەرەوە دانابوو سەگ خواردی، بەیانی دەستیان کرد بە گریان!. وتم: خەمتان نەبێ.. ئەو رۆژە تا ئێوارە (١٢٠) مەجیدیم دروست کردو دام بە فەقێکان و وتم: بڕۆن ئارد و هەرچی ترتان پێویستە بیکڕن[١٢].

مامۆستا ملا صالح محمد أمین باق و بەرەیی دەڵێت: ملا کاکە حمە یەکێ بوو لە مامۆستا گەورەکانی کوردستان. شارەزابوو لە جوغرافیا و فەلەک و هەندەسەدا، زمانەکانی فارسی و عربی و تورکی باش دەزانی، زمانێکی بێیانیشی دەزانی زیاد لەم سیانە.

لەسەردەمی عوسمانیدا ئەفسەری عەسکەری بووە، بەرپرسی

١٢. کورتەی پەیوەندییەکی تەلەفوونی لە خزمەت مامۆستا (٢٢٠٢/٢١/٤٢ز). نووسەر.

ئازوقەی مەعەسکەرەکە بووە. مامۆستا احمد فائز بۆی گێڕامەوە: کاتێ ئەو (ئامر فەوج) بوو من صەمونێکی زیادەم هەڵگرت شەقازلەیەکی لیدام. کاتێ مامۆستا لە باق و بەرە بوو کۆمەڵێ فەقێی هەبوو وەک من و کاکە عبدالرحمانم و، ملا حمیدی بیلولە و، ملا فرج و، ملا محمدی زەلکەیی.

مامۆستا ملا کاکە حمە زۆر وریا و ئاگادار بوو لە دەوروبەر، هەموو رۆژنامە و گۆڤارەکانی دەخوێندەوە، وەک: ژیان و، گەلاوێژ و، گوڤاری (المسلمون)ی میصری. هەندێ لە ژمارەکانی (المسلمون)ی ئەو سەردەمە لەماڵ ئێمە مابوو داخەکەم کاتێ لە زەمانی بەعسدا ناوچەکەمان چۆڵ کردو رامان کرد بۆ ئێران فەوتا.

هەروەها (الی الشباب)ی (مامۆستا حسن بنا)ی لابوو ئەویش لەماڵ ئێمە جیما و، دواتر فەوتا، هەروەها (**تهذیب المنطق**) ێکی ملا کاکە حمە بەخەتێکی زۆر جوان لای من بوو، کوڕێکی مامۆستا (احمد فایز) لێی وەرگرتم و ئیتر نەیدامەوە.

مامۆستا ملا کاکە حمە لە دینداری و کوردایەتیدا زۆر وریا بوو، تەنانەت ئاگای لە جوڵەکانی م/ سعید نورسی بوو، کە هاوچەرخی خۆی بوو، بیرمە جارێک بۆی باس کردین.

هەروەها زۆر عابید و زاهید و لەخوا ترس بوو، قسەی خراپت لێ نەدەبیست، زۆر بەسام و هەیبەت بوو، کەس نەیدەتوانی بەرانبەری بووەستێ. هەرکات (متصرف)ی بەعقوبە بهاتایە – کە ئێمە ئەوکات سەر بەلیوای بەعقوبە بووین - مامۆستا نەدەچوو

بەپیری ئەوەوە، بەڵكو ئەو بەتایبەتی سەردانی مامۆستای دەكرد[١٣].

مامۆستا محمد قادر فتاح صەدوبیستی كە ئیمامی گوندی صەدوبیستە دەڵێت: من لە (چیا رەزاو، باق و بەرە) لەخزمەت ملا كاكە حمەدا بووم، چیرۆكی رویشتنەكەیشم بۆ خزمەتی بەم جۆرەبوو: من منداڵ بووم باوكم نەبوو. روستەمی هەسەنی حاجی قادر كە ڕیش سپی هۆزی مكایەڵی بوو، ناردی بەدواما نامەیەكم بۆ خوێندەوە، ئینجا ناردی بەدوای باپیرما – باوكی دایكم – وتی: ئەم كوڕە زیرەكە بینیرە بۆلای ملا كاكە حمە – چونكە كاتی خۆی ملا كاكە حمە دووساڵ لەناو هۆزی مكایەڵیدا گەرمیان و كویستانی كردووە – باپیرەم وتی: روستەم ئەو كوڕە منداڵەو شوێنەكە دوورە ، ترسم هەیە ئیدارە نەكات، وتی بابە خەمت نەبێ بیبە، بەخوا لە كوڕی من و كوڕی خۆیشت باشتر بەخێوی دەكات.

كاتێ چووین دەسمان ماچ كردو نامەكەی روستەممان پێدا، خوێندیەوە، ئینجا بە باپیرەمی وت: ئەم كوڕە لەكوڕی تۆو روستەم دەرچوو، ئیتر كوڕی منە. دووساڵ لە چیا رەزاماینەوە، ئینجا چووین بۆ باق و بەرە.

دەرسەكانی ملا كاكە حمە بەگوێرەی تەمەن و ئاستی فەقێكان بوو لە (عوامل)ەوە هەتا (مختصر)و ئاخر ماددەی تیابوو. ژیانمان تا بڵێی خوشبوو، لەچاو خەڵكی ئەو زەمانەدا وەک پاشا دەژیاین.

---

١٣. كورتەی پەیوەندییەكی تەلەفوونی لە خزمەت مامۆستا (٢٠٢٢/١٢/١٩ز). نووسەر

(سعید قزاز) (وەزیری داخلیە) بوو مەعاشێکی بۆ مامۆستا بڕیەوە بەناوی (واعیز)ی سەیبار نزیکی (١٢) دینار بوو، مامۆستا پیاوێکی عەرەبی کردبوو بە وەکیل ناوی (محمود رمل) بوو لە گوندێکی عەرەبی ئەو ناوەدا بوو، دوکانێکی هەبوو لە (خانەقین) هەموو مانگێ پارەکەی مامۆستای وەردەگرت و بۆی ئەداین بەهەموو پێویستی یەکانی ژیان، ئیتر مامۆستایش هەر وەک ئێمە لەو مەعاشەی دەخوارد و، دەیپۆشی.

مامۆستا لایەنی دینداری زۆر بەهێزبوو هەمیشە ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد، بەو خەڵکەی دەوت: ئەگەر موسوڵمان بوونایە مزگەوتیکتان دەبوو – واتا: ئەگەر شوێنێ مزگەوتیان نەبوایە[١٤].

مامۆستا عبدالرحمان محمد حمە أمین باق و بەرەیی بەهەمان شێوەی دوانەکەی پێشوو باسی مامۆستا ملا کاکە حمەی بۆکردم و لێم پرسی دەربارەی شەو نوێژی ملا کاکە حمە فەرمووی: شەو نوێژی بوو، کاتیکیش نەخۆش کەوت من و (ملا محمود فرج) ی زاوامان لە خزمەتیدا هاتین بو سلیمانی نزیکی هەفتەیەک لە خەستەخانە مایەوەو وەفاتی کرد. ئینجا لە پرسەکەیدا بەشداریمان کرد و دواتر گەڕاینەوە. ئەو هەفتەیش لە خەستەخانە بوو، ئاگام لێ بوو لەژێر لێوەوە هەر زیکری خوای دەکرد.

مامۆستا شاکر فتاح دەڵێت: ملا کاکە حمە سی و شەش ساڵی خشت رەنجی داو کۆششی کرد لەناو هۆزەکانی جاف و

---

١٤. کورتەی دوو پەیوەندی تەلەفوونی لە خزمەت مامۆستا ملا محمدی صەدوو بیست: (٢٠٢١/٩/٢٣، ٢٠٢٢/١٢/١٩ز). نووسەر

زەنگەنەو دێهاتەکانی تری کوردستان، بۆ ئەوەی خوێندەواری بەناو کوردەواریدا بڵاو بکاتەوەو، نەتەوەکەی خۆی بگوێزێتەوە بۆ ریزی مرۆڤایەتی، تا بە پیشەسازی و کشت و کاڵی و، بازرگانیەوە ژیانێکی مرۆڤانە بژین.

بۆ پێکهێنانی ئەم مەبەستە چل و چوار نوسراوی بۆ شاگردەکانی خۆی بە زمانی کوردی ئامادە کرد: هەندێکیانی لە زمانی عەرەبیوە گۆڕیبوو، هەندێکیشیان خۆی دانابوو، هەندێکیششیان خوێندنی ناو مزگەوتەکان و، خوێندگاکانی فەرمانڕەوایی بوون.

ساڵانی خوێندنی لە پازدە ساڵەوە گەیاندبووە چوار پێنج ساڵ، بە مەرجێ بارستایی خوێندەواری شاگردەکانی لە شەشی ئامادیی و، شاگردێکی ناو مزگەوتیش ژوورتر بێ کەمتر نەبێ؛ چونکە ئەم خۆی بە هەموو شاگردێکەوە ماندوو ئەکرد، بەڕەوشت و خوویەکی خوا ناسانەو نیشتمان پەروەرانە ڕای ئەهێنان، خەمی خواردن و، جل و بەرگ و، تەندروستی و خۆش ڕابواردن و پاک و خاوێنی ئەخواردن. لە هاویناندا کشت و کاڵی بەشاگردەکانی ئەکرد، ئاژەڵی پێ بەخێو ئەکردن، بەرهەمی ئەو رەنجانەیشی بۆ خۆی و شاگردەکانی بەکار ئەهێنا.

بەکورتی خوێندگاکانی مەلا کاکە حمە شاگردیان ئەکرد بە پیاوێکی ڕۆشنبیری کورد پەروەری وریاو چوست و چالاک، کە سەری بەندەیی بۆ هیچ زۆردارێک دانەنەوێنێ.

پێویستە ئەمەیش بڵێین مەلا کاکە حەمە لە پێناو گەیشتنی بەم ئامانجە بەرزەیدا گەلێک کۆسپ و بەر هەڵستی ئەهاتە بەردەم،

گەلێک ئازاری ئەچێشت، بەڵام هەرگیز ورەی بەرنەدا، کۆڵی نەدا، زیاتر گەشەی ئەدا بە نوسراوەکانی، خوێندگاکانی، هەر چەند ساڵەی لە گوندێکا ئەمایەوە، جاری وا بوو ژمارەی شاگردەکانی ئەگەیشتە پەنجا. لەبەرانبەر ئەم هەموو ڕنجەدا سەری خۆی بەرز ڕاگرت، پاداشی لەکەس داوا نەکرد، خۆی و شاگردەکانی بەو نانە ئەژیاند کە بەڕەنجی شان و ناوچەوانی خۆیان پەیدایان ئەکرد، یان گوندییەکان بە ئارەزووی خۆیان ئەیاندانێ.

مەلا کاکە حمە نیشتمان پەروەرییەکەی لە خوا ناسییەکەیەوە وەرگرتبوو، هەرچی ئەکرد بۆ خوای ئەکرد، پاداشی لەکەس نەئەویست، کە لە پێناو ئەم کردەوە ڕەنگینانەیشیدا گیرو گرفتێکی ئەهاتە بەرو، دەردو ئازارێکی تووش ئەبوو، ڕووی ئەکردە خواو داوای ڕێگا پیشاندانی لێ ئەکرد!.

جارێکیان لە دێیەک ڕەنجی چوار ساڵ و سێ مانگی بەبا چوو، شاگردەکانی لێی تەکینەوە، مەلا کاکە حەمە بە هەناسەیەکی ساردەوە لە ژین نامەکەیا ئەڵێ: (لەبەر ئەوەی زانرا ئەمانە نابنە ئەوەی مەعاشیان دەسکەوێ، زەکات و سەرفیترەیان بدرێتێ، سەرقەڵەمانە وەرگرن، تێکیاندا، منیشیان لە غایەکەم مەحروم کرد، پەنا بەخوا..)[١٥] .

وێنایەکی مەیدانی بۆ قوتابخانەکەی ملا کاکە حمە لەزمانی مامۆستا مصتەفا نەریمانەوە:

---

١٥. ملا کاکە حەمە، شاکر فتاح، چاپخانەی کامرانی سلێمانی، ٢٧٩١، ل: ٥١-٩١، بە کورتکراوەیی.

ماملاستا موستەفا نەریمان دەفەرموێ: هاوینی ساڵی ١٩٤٣ بوو کۆمەڵێک خەڵکی شار دەوری لاوێکیان دابوو، دەمەتەقێیان لەگەڵ دەکرد، هەر پرسیارێکیان لێبکردایە وەکە بولبول وەڵامی ئەدانەوە. لە عەرەبی و کوردی و فارسی شارەزاییەکی باشی هەبوو، مێژوو جوگرافیای ئەزانی.

لە ژمارەدا دوانەکەوت و هەندێ زانیاری لە قانونی عقوباتیش هەبوو، ئەمە سەرنجی ڕاکێشام، چوومە بەینی ئەو خەڵکەوە تا خۆم لەو پرسیارانە بەشدارکەم، شتێکی سەیربوو، لاوێکی وا ئەو هەموو زانیاریانە بزانێ، پاش ئەوەی ئەم کوڕە تینوێتی ئەم خەڵکەی شکاند چرپەی لێکردو لەچاو ونبوو.

لەدڵی خۆما وتم: ڕەنگە ئەم لادێییە لە سەربازی فێری ئەم خوێندەوارییە بووبێ؟. یا گەشتۆتە قوتابخانەی ناوەندی و نەیبردۆتە سەر؟. یا ئەبێ کوڕی دەوڵەمەند، یا دەرەبەگێکی دەستڕۆشتو بووبێ و ماملاستایەکی تایبەتی هەبووە.

تا خەڵکەکە بڵاوەیان لێ نەکردبوو، لە یەکێکیانم پرسی: (کاکە ئەم فەقێیە کێ بوو؟) ئەویش بە (نازانم) وەڵامی دایەوە، لە شوێن یەکێکی تر چرپەم کرد و لێم پرسی، ئەویش وتی: واللە هیچی لێ نازانم.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، کابرایەک لەو لاوە ڕاوەستابوو، هەڵیدایە وتی: ئەگەر لەناوی ئەپرسی بەخوا کەسمان ناوی نازانین.

وتم: ئەی خەڵکی کوێیەو لە کوێوە ئەم بەهرەیەی دەستکەوتوە؟

وتی: زەنگەنەیە و خەڵکی ئاوایی فەقێ مستەفایە. وتم: خاڵە

ئەم زەنگەنەیە، گوایە لە خوێندەواریشدا ئەبێ زەنگین بن؟.
وتی: ئەمە قوتابی (ملا کاکە حمە)یە.
وتم: ئەی (ملا کاکە حمە) کێیە؟
وتی: هەی هو... هەی هو.. تۆ زۆرت بە دەمەوەیە، باوەڕ کە منیش ناوم بیستوەو نەگەیشتومەتە خزمەتی، ئەوەندە ئەزانم هەر فەقێیەکی ئەو مەلایە ئەبینی لە وێنەی ئەم لاوەن.
ئەمەی وت و لێیدا ڕۆیشت.
ئەم ناوە (ملا کاکە حمە) لەبەرچاوم بوو بە پەیکەرێک خەیاڵی پڕکردم، تینوی دەنگوباسی بووم هەر یەکێکم ئەبینی نەختێ گورج و گۆڵ و وشیار بوایە ئەموت: (توخوا تۆ فەقێی مەلا کاکە حمە نیت)؟.
ئەو ساڵە لەدوا ساڵی قوتابخانەکەم بوو، نەم پەرژایە سەر ئەوە بچمە بنج و بناوانی مەلا کاکە حمە، لە هاوینی ساڵی ئایندەش نەخۆشییەکی ئەوتۆم گرت نەک ناوی مامۆستام لەبیر چو، بەڵکو خەریک بوو ناوم ون بێ.
کەوتمە ژیانی مامۆستایی، جاروبار لەم و لەو پرسیاری مەلا کاکە حمەم ئەکرد، وەڵامێکی پوختم دەست نەئەکەوت، هاوینی ١٩٤٧ بوو، ڕۆژێ لەکاتی سەفەرما بە شەمەندەفەر بۆ کەرکوک مێردمنداڵێک هات لە تەنیشتمەوە دانیشت کەوتینە قسەکردن، نیشانەی زیرەکیم تیا هەستکرد. وتم: برا تۆ (زەنگنەی؟).
وتی: نەخێر. وتم: فەقێ مستەفایی؟ وتی: نەوەڵا. وتم: کەوابێ قوتابی مەلا کاکە حمە بیت؟. وتی: بەڵێ.

هەرکە ئەمەم بیست باوەشم پیاکرد، کوڕە بەمە سەرسام بوو، وتی: ئەفەنی، ئەبێ تۆ لە خزمانی مامۆستا مەلا کاکە حمە بیت ! یا ڕەفیقی ئەو بیت؟.

وتم: نەوەللە نەخزمی ئەوم، نەچاوم پێکەوتووە، بەم وەڵامەم حەپەسا.

وتی: ئەفەنی ئەوا شەمەنەفەر ئەگاتە دووز، چ ئەمرێکت هەیە بڵێ تا بە مامۆستای بگەیەنم.

وتم: زاڵم ئەمر نەکا، لەگەڵتا دێمە دووز بۆ خزمەت مامۆستا.
وتی: تۆ ئەڵێی مامۆستام نەدیوەو نایناسم ئیتر چۆن ئەچیتە لای؟

وتم: برا بەڵی من مامۆستام نەدیوە، بەڵام بەکردەوە ئەیناسم، بۆیە ئەمەوێ لەگەڵتا بێم تا تینوێتیم بشکێنم و بەخزمەتی شادبم.
وتی: مامۆستا لە دووز نییە.

بەمە دڵم داخورپا وتم: بۆ وام پێ ئەڵێی ئایا شتێکی بەسەر هاتووە؟ بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: الحمدلله تەندروستی زۆرباشە، بەڵام لە دووز نیە، لە دێیەکە هەندێ لە دووزەوە دورە وە ئێستا بەم کتوپڕە نایگەیتێ، وتی قوتابخانەکەی لە دێی (چەوری)یە لە ناو (داودە). ئەمەی وت و شەمەندەفەر لە ئێستگەی دووز وەستا، کاکی فەقێ خەریک بوو لەچاو ونبێ وتم: سەلام لە مامۆستا بکە و پێی بڵێ بەمزوانە سەری لێ ئەدەم.

چونکە پەلەی بوو نەیپرسی تۆ کێی؟ لەچاو ونبو، منیش گەڕامەوەو شەمەندەفەر بەرەو کەرکوک کەوتە ڕێ. ئەو ڕۆژە وەکو گەنجینەیەکم دەست کەوتبێ وەها بوو، یەکجار دڵخۆش بووم،

بڕیارم دا هەرچۆنێ بێت ئەبێ بچمە سەردانی (مەلا کاکە حمە) تا بگەمە سەرچاوەی ئەو چەشمە ڕوونەو لێی بنۆشم.

لە کەرکوک گەڕامەوە بۆ کفری کەوتمە هەواڵ و پرسیار لە خەڵقی ئەو ناوە، پانزە ڕۆژی پی نەچوو برادەرێکی (داودە)یم خستەسەر هەوەس تا بۆ شارەزایی ببێتە هاوڕێی سەفەرم، لە پێشدا چەند کتێبێکی کوردیم ئامادەکرد تا بە دیاری پێشکەشی بکەم، چونکو لەمە زیاتر دیاری لە کەسی غەیرە وەرنەئەگرت.

لە ئابی ١٩٤٧ لەگەڵ ئەو برادەرە چوینە دووز، شەو لەوێ نوستین، بۆ ڕۆژی دووەم دوو وڵاغمان بۆ ئامادەکرابوو، لە بەرەبەیاندا کەوتینە ڕێ، نیوەڕۆ گەشتینە بناری داودە لە دێی (تەپەسپی)

نیوەڕۆژەمان کردو حەساینەوە دنیا فێنک بوو، کەوتینە ڕێ نزیک خۆرئاوا گەیشتینە ئاوایی (چەوری)و چووینە دیوەخانی (عەباس ئاغای داودە)، خوا هەقە ئاغا پێشوازییەکی پیاوانەی لێکردین، پاش شێوخواردن و حەسانەوەی تەواو دەستم کردە پرسیاری مامۆستا مەلا کاکە حمەو داوام کرد بچمە قوتابخانەکەی.

ئاغا وتی: مامۆستا مەلا کاکە حمە هەموو کەسێک قبوڵ ناکات، ئەوەندەش نایەتە لامان تەنها خەریکی فێرکردنی قوتابیانەو بەس

بەمە نارەحەت بووم وتم: ئاغا من ئەو ڕێگا دوورەم بۆ ئەوە خستۆتە بەر، تا چاوم بە مامۆستا بکەوێ، بەخوا ناگەڕێمەوە تا نەیبینم.

ئاغا وتی: باشە تۆ کاغەزێکی بۆ بنوسە داوای ڕوخسەتی لێ

بکە، بزانین وەڵامی چی ئەبێت.

قسەکەیم بەدڵا چوو، کاغەزێکی جوانم بۆ نوسی و ناردمان، ئەو ماوەیە کپ بووم، لەدڵی خۆما ئەموت: تۆ بڵێی مامۆستا قبوڵمان نەکات، ئەمە چۆن پیاوێ بێ وا نایەڵێ هەموو کەسێک بیبینێ، ئایا مەبەستی چییە؟.

کشومات بووم و چاوم لەڕێی وەڵام بوو، ئاغاش هەر قسەی بۆ ئەکردم، منیش بە زوبان بەڵێم ئەوت و هۆش و بیرم لەلایەکی تربوو.

ئەوەندەی پێ نەچوو کابرا گەڕایەوەو وتی: مامۆستا ئەفەرموێ نیو سەعاتێکی تر خۆم دێم بۆ بەخێرهاتنی میوانەکەم.

وەک و مژدەیەکی خۆشم دەستکەوتبێ گەشامەوە، عەباس ئاغاش وتی: ئەفەندی ئەمە چەند ساڵێکە مامۆستا لێرەیە، چوار پێنج جار سەری نەکردوە بەم دیوەخانەدا، چەند پیاوی میری هاتوون نەهاتۆتە لایان، بەڵکو ڕێی نەداوە بچنە قوتابخانەکەشی، ئەمە شەرەفێکی بەرزە بۆ من و ئێوەش! منیش ڕووم کردە ئاغاو وتم: ئاغا ئەمە ڕووناکییەکی گەشە بۆ ئەم ئاواییە وە گەنجینەیەکی بەنرخە بۆ ئەم هەرێمە، ئەبێ دڵنەوایی بکرێ و خزمەتی بکەن! ئاغاش لە وەڵاما وتی: قوربان ئێمە خوا خوامانە ئەومان لێ ڕازی بێ، چونکە شەوو ڕۆژ بەخۆڕایی خەریکی فێرکردنی ڕۆڵەکانمانە. لەوێوە جوتیارێ وتی: باوەڕ بکە ئەفەنی مناڵەکانمان وا کەمەندکێشی مامۆستا بوون، ئێمەیان لەبیر چۆتەوە، مانگی جارێکیش ناگەڕێنەوە بۆ سەردانمان.

وتم: کاکی برا، منداڵ لە قوتابخانەکانی ناو شار بەزۆر ئەنێردرێنە مەکتەب، جاروبار خۆشیان ئەدزنەوە ئێوە ئەتانەوێ کوڕەکانتان چاو پێبکەوێ، ئەوان لە قوتابخانە جیا نابنەوە، دیارە ئەمە هۆی باشی مامۆستاکەتانە. هەموویان وتیان: خوا بۆمان بهێڵێ، بەخوا منداڵەکانمانی فێری نوسین و خوێندن و ژمارە کردووە. تا مامۆستا نەهاتبوو گەلێ لەو سنورە پرسیارم لە دانیشتوان کرد، گەلێ زانیاریم لە ژیانی مامۆستا و قوتابیان و چۆنیەتی قوتابخانەکەم دەستکەوت و تۆمارم کرد.

سەعات بوو بە نۆو نیو، مامۆستا دەرکەوت هەموو لەبەری هەستاین، عەباس ئاغا تەقدیمی کردم و، دەست و مۆچمان لەگەڵا کردو بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکردم و، وتی: من بۆلای کەس نایەم وە ماوەشم نەداوە هەموو کەس بۆ تەماشاکردن بێتە قوتابخانەکەوە، وەک بۆم دەرکەوتوە هاتووی تا بێیت سەرمان لێ بدەی، وە لە چۆنیەتی قوتابخانەکەمان بگەیت، وا خۆم هاتم بۆ بەخێرهاتنت، چونکە تۆیش وەک من مامۆستای.

وتم: بەڵێ، مامۆستام، بەڵام من بە مانگانە دەرس ئەڵێمەوە ئێوەش پشتان لە شارستانێتی کردووە، تەنها لەڕێی کوردایەتیدایە وە بۆ مەبەستێکی پیرۆز و بەخۆڕایی دەرس ئەڵێنەوە، بۆیە جیاوازیمان زۆرە.

وتی: نە، مەبەستم ئەوەیە پیشەی هەردووکمان جەنگە دژی نەخوێندەواری.

وتم: مامۆستا دەمێکە ناوتم بیستووە وا هاتم ئەم کردەوە

بەرزەت لەنزیکەوە ببینم.

وتی: بۆ تۆ هاتنە قوتابخانەکەم قەدەغە نییە، سبەینێ سەعات هەشت بفەرموو، ئێستا تۆ ماندووی منیش ئەگەڕێمەوە لای قوتابیەکانم، ببورە.

ئەمەی وت و کتوپڕ هەستایە سەرپێ، ئێمەش بەڕێزەوە بەڕێمان خست. ئەو چەند دەقیقەی بەو شەوە تاریکە بینیم وەک سەرەتایەک وابوو بۆ کتێبێکی بەنرخ. ئەو شەوە بەدڵنیایی نوستم، تا سبەینێ ئەو گەنجینەی چەند ساڵە بۆی ئەگەڕام دەستم بکەوێ، ئەو شەوە یەکێکە لەو شەوە خۆشانەی لەبیر ناچنەوە.

بەیانی زوو لە بانگدانێکی بەسۆزدا بەخەبەر هاتم، منداڵێکی دە ساڵی پڕ بەدڵ بە ئاوازی کوردایەتی بانگی ئەدا لە دەنگ و شەپۆلی (الله اکبر)ی شاخ و هەردەی ئەو ناوە دەنگی ئەدایەوە!. دەستنوێژم شت و نوێژم کرد، ئەوەندەی پێ نەچوو عەباس ئاغا پەیدابوو، پاش ڕۆژباشکردن دانیشت، پرسیم: ئەو بانگدانە کێ بوو؟. وتی: یەکێکە لە قوتابیانی مامۆستا مەلا کاکە حەمە.

وتم: ئەی بۆ دەنگت نەکرد لەگەڵیانا بە جەماعەت نوێژی بەیانیمان بکردایە.

وتی: مامۆستا بەرنوێژی تەنها بۆ قوتابیان ئەکات.

ئەوەندەی پێ نەچوو گوێم لە دەنگی سروودێکی کوردی بوو لە ئاغام پرسی: مامۆستا مەلا کاکە حەمە پێی وتم سەعات هەشت وەرە، ئەوە چییە لە ئێستاوە دەستی بە دەرس وتنەوە کردووە؟.

وتی: نەخێر ئەوە قوتابیان ئەباتە سەر ئەو جۆگەلەیە، لەوێ

دەستنوێژ ئەشۆن و نوێژی بەیانیان پێ ئەکات، پاش نیو سەعات وەرزش بە سرود خوێندنەوە ئەگەڕێنەوە قوتابخانە. دەستی گرتم و منی بردە سەر گردۆڵکەیەک لە تەنیشت دیوەخانەکەوە، ئەبینم وا مامۆستا قوتابیەکانی ڕیز کردوە، بە سرود خوێندنەوە بەرەو قوتابخانە ئەگەڕێنەوە. کە ئەم وێنەم بینی دڵگەشتر بووم، وە هیوام پەرەی سەند، وە تێر چاوم بڕیە ئەو ڕیزە قوتابیانە وەکو سوێسکەی چیا سەرئەکەونە سەر بۆ قوتابخانەکەیان.

ئاغا پێی وتم: با بگەڕێینەوە دیوەخان، گەڕاینەوە نان و چامان خوارد، ئینجا لەگەڵما تا بەر دەرگای قوتابخانەکە هات، وتی: فەرموو: تۆ بچۆرە خزمەت مامۆستا. وتم: ئەی تۆ؟.

وتی: ڕوخسەت تەنها بۆ تۆیە، وەتۆش هەر بۆ ئەم مەبەستە هاتووی ئەمەی وت و گەڕایەوە.

قوتابخانەکە دەرگایەکی داری ڕێک و پێکی هەبوو، لەسەرەوە لەسەر پارچە تەختەیەک بە خەتێکی جوان نوسرابوو (قوتابخانەی میلی کوردی داودی)، چوومە ژوورەوە و بینیم حەوشەیەکی دووسەد مەتری هەبوو، لای چەپەوە ئەیڕوانیە چەمێکی نزم، ڕێگایەک وەک و تولەمار لەناو ئەو چەمەدا لە ژوورەوە بۆ خوار کشابوو، بەردەلانێک لە دەستە ڕاستی حەوشەکەدا بوو، دەرگای سێ ژووری لەسەر بوو، یەکێکیان پۆلی دەرس خوێندنەوە بوو، دووەمیان بۆ نوستن تەرخان کرابوو، سێیەمیان بۆ خواردن و شت و مەکی زیادەی لەناو کۆکرابووەوە.

لە ژووری دەرس وتنەوەدا کورسیەکی بچووک بۆ مامۆستا و

دوانزە کورسی دوو کەسی و تەختەیەکی ڕەش هەڵواسرابوو، لە ژووری نوستن بیست و پێنج قەرەوێڵەی دار هەبوو، لەسەر هەر یەکێکیان نوێنێکی پاک ڕاخرابوو، لەهەر ژوورێکدا چەند فانۆسێکی دیوار و سەرکورسی هەبوو. بینای قوتابخانەکە بە خشتی کاڵ دروستکرابوو، بە گشتی (٣٠٠-٣٥٠)مەتری گرتبوو، لەسەر گردێک بوو، ئەیڕوانیە چەمێک کە کەوتبووە پشت دیوەخانی ئاغاوە. هەرکە نزیک ژووری دەرسخوێندنەوە بووم مامۆستا لە دوورەوە پێشوازی کردم و پێی وتم: ئەوا دەستم کردووە بە وانەی یەکەم فەرموو. هەرکە چوومە ژوورەوە مامۆستا وتی: هەستن. هەموو قوتابیان هەستانە سەرپێ، وتم: (فەرموو دانیشنەوە)

دانیشتن ئینجا مامۆستا ڕووی کردە قوتابیان و وتی: ڕۆڵەکانم ئەم مامۆستایە لە قوتابخانەکانی میرییەوە هاتووەتە سەردانمان، بۆیە لەجیاتی ئێوە بەخێرهاتنی دەکەم. منیش وتم: مامۆستای بەڕێز قوتابیانی چالاک، ناوی مامۆستای بەڕێزتان و خزمەتی بێوێنەی چالاکی و هۆشیاری ئێوە، پاڵی پێوەنام تا بێمە سەردانتان، ئەوەش بزانن هۆشیاری ئێوە لەهەموو ناوچەیەک دەنگی داوەتەوە، خزمەتی مامۆستا گەیشتۆتە ئەوپەڕی خزمەت کردن.

وانەی یەکەمی ئەوڕۆژە ژمارە بوو. دووەم خوێندنەوەی کوردی. سێیەم تەندروستی. چوارەم قورئانی پیرۆز.

وەک و قوتابخانەی میری لە بەینی دوو دەرسدا دە دەقیقە حەسانەوە هەبوو، چوار وانەی پێش نیوەڕۆ بەسەرچوو، ئەو ڕۆژەش پاش نیوەڕۆ دوو وانەیان هەبوو: یەکەمیان نوسینەوە.

دووەمیان سروود بوو.

ڕەنگە هەندێ لە خوێندەوارانی بەڕێز بپرسن: ئایا ئەم قوتابخانەیە چۆن دروست کراوەو ئەم مەسرەفە لە کوێوە؟ بەڵێ ئەم پرسیارە لەجێی خۆیدایە. بەڵام مەلا کاکە حەمە پشتی لەپارە کردبوو، ئەیفەرموو: ئەبێ ببرێتە مێشکی قوتابییەوە خوێندن نابێت بۆ مەلایەتی بێت، کە خۆی بە خەڵق بژێێنێ وە فەخر و کیبر بەسەر خەڵقدا بکات، نابێت بۆ مەئموری حکومەت بێت لەگەڵ قەوم و خەڵقیا، نابێ بۆ ئەوەبێ نەخوێندەوار و نەزان بخەڵەتێنێ، پێویستە باوەڕیان پێبکرێت کە ئەم نەوعە خوێندنە حەرامە.

لە ساڵی ١٩٤٥ کۆچکردو (حەمەمین ئاغای حەمە خورشید ئاغای داودە) کە بە کوردایەتی ناوبانگی دەرکردبوو، لە پێشدا لە دێکەی خۆی قوتابخانەیەکی دروست کرد و مەلا کاکە حەمەی هێنایە لای خۆی، ئینجا بە هەرەوەزی خێڵی داودە قوتابخانەی دووەمیان لە چەوری دروستکرد، مامۆستا چووە ئەوێ کە بڕیاری چوونە هەر هەرێمێکی بدایە لەپێشدا پیاوە ماقوڵەکانی ئەو ناوە لەناو خۆیاندا پارەیەکی باشیان کۆ ئەکردەوە، قوتابخانەیەکی سێ چوار ژووریان پێ دروست ئەکرد، کورسی و قەرەوێڵەو جل و بەرگ و مەنجەڵ و دەوری و کەوچک و ڕۆن و برنج و... هتد

هەموو شتیان بەو پارە ئەکڕی، ئافرەتێک نانی بۆ ئەکردن و چێشتی بۆ لێ ئەنان، ئەو دوای خزمەتکرد لەسەر خۆیان بوو، هەرکە ئەو پارەیە نزیک تەواوبوون ئەبوویەوە، ئینجا باوکی قوتابیان بۆ مەسرەفی ڕۆژانە هەرچەند مانگ جارێک پارەیەکی

تریان کۆ ئەکردەوە، پارەکە لای لیژنەیەکی تایبەتی بوو، مامۆستا ئەنگوستی بۆ درهەمێک درێژ نەدەکرد، خواردەمەنی وەکو ئەوان وابوو، لەناویانا ئەنووست، بۆ دەرمانی پێویست (ئەجزاخانە) یەکی بچووکی هەبوو، لەکاتی نان خواردن هەر جاری قوتابیەک چێشتی دابەشدەکرد.

هەفتەی جارێک یان دووجار گۆشتیان ئەخوارد، خواردەمەنیان جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ خواردنی جووتیارەکاندا نەبوو، زۆر خۆر نەبوون، بەپێی برسێتی ئەیانخوارد، نەک بۆ ورگ پڕکردن، کەم نەخۆش ئەکەوتن، قوتابییەک نەخۆش بکەوتایە ڕەوانەی شار ئەکرا بۆلای دکتۆر، ئەگەر چەند ڕۆژی زیاتر لە قوتابخانە دوا بکەوتایە مامۆستا خۆی ئەچووە سەردانی، باوکی قوتابییەک بۆی گێڕامەوە وتی: کوڕەکەم جارێک تووشی سک ئێشەو قەبزی ئەبێت، مامۆستا دەرمانی بۆ ڕەوانە کرد، پاش چەند ڕۆژێ خۆی هاتە سەردانی و دووبارە دەرمانی دایە، بردیە پێش ئاو لەوێ کوڕەکەمی پاک کردەوە.

لەبەر دڵسۆزی مامۆستا قوتابی لەڕۆژانی هەینی نەئەچوونە ماڵ بۆ گوندەکانی دەوروپشتیان، باوکی قوتابییەک وتی: منداڵەکانمان ئالوودە و کەمەند کێشی مامۆستا بوون. ژمارەی قوتابیانی بیست و پێنج بوون، یەکێکیان لەبەر نەخۆشی نەهاتبوو، هەر یەکیان کراسێکی خامی سپی لەبەرکردبوو، کڵاشیان لەپێدا بوو، سەریان تاشرابوو.

هەموو سبەینیان سەعات و نیوێک پێش خۆرهەڵاتن، قوتابییەک

بانگی ئەدا و هەموویان لەخەو ڕا ئەپەڕێن و لەگەڵ مامۆستا ئەچوونە سەر جۆگەلە ئاوەکەی ناو چەم، لەویّ دەستنوێژ ئەشۆن و نوێژی بەیانی بە جەماعەت ئەکەن، هەر لەویّ نیو سەعاتێک وەرزش ئەکەن وە بە سروود خوێندنەوە ئەگەڕێنەوە قوتابخانە، پاش حەسانەوە، نان و چاو ماست ئەخۆن ئینجا حەسانەوەیەکی تریان هەیە لەسەعات هەشت بۆ هەشت و نیو - بەپێی وەرز- دەرس دەست پیّ ئەکات تا بانگی نیوەڕۆ و پاش نیوەڕۆژ حەسانەوەیەکی دووسەعاتی، دوو دەرسی تر پاش نیوەڕۆ ئەخوێنن.

**تێبینی: لەو سروودانە:**

- (دڵ لە دەردی وەتەن پەست و گیراوە/ بێکەس).

- (ئەی منداڵینە با بچینە مەکتەب
بۆ وەرگرتنی ئەخلاق و ئەدەب).

- (ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە
بۆ دەردی کاری مەکتەب دەرمانە).

- لەو قوتابییانەی کە زۆر زیرەک بوون و وەڵامی پرسیارەکانییان باش ئەدایەوە هەندێکیان ئێستا دیارن. لەوانە: نەجیب محمد ئەمین، نوری محمد ئەمین، محمد علی محمد صالح، وەهاب سید احمد، حسین سید محمود، محمد عباس ئاغا.

دەمەو ئێوارەیّ قوتابیان دوو دوو سیّ سیّ نەختیّ بە گەڕان یان یاری و موتاڵاوە ڕائەبوێرن، بانگی مەغریب - خۆر ئاوابون - ئەگەڕێنەوە، دیسانەوە نوێژ بە جەماعەت ئەکەن و شیو ئەخۆن، و پاش نوێژی عیشا سەعات و نیوێک دەور ئەکەنەوە، نزیکەی

سەعات دە هەرکەس ئەچێتە ناو نوێنی خۆی و ئەنویٚ، تا ڕۆژێکی نویٚ لە کەل سەر یٚنێتە دەرەوە.

مامۆستا مەلا کاکە حەمە لەسەر شێوەیەکی نویٚ دەرسی ئەوتەوە، داری بەکار نەئەهێنا، قەت لە قوتابی توڕە نەئەبوو، کوڕم، ڕۆڵەم، برام، ئەم وشانەی بەکار ئەهێنا، قەت کۆڵی نەئەداو ماندوویەتی نەئەزانی، ئارامییەکی سەرسامکەری هەبوو، هەموو ڕێگایەکی ئەگرت بۆ ئەوەی زانین بەرێتە مێشکی قوتابیانەوە، قوتابیەکی لابوو لەچاو ئەوانی ترا لاوازبوو، هەرچەندی ئەکرد نەئەگەشتە ڕیزی هاوڕێکانی خۆی، بەمە شەرمەزار ئەبو، مامۆستا باوکی ئەم قوتابیەی ئاگادار کرد، مانەوەی بەم حاڵە لەم قوتابخانە بێسودەو زیان بەوانی تریش ئەگەیٚنێت، ناچار باوکی بردیە قوتابخانەی سەرەتایی میری لە (کفری)، لەویٚ کە تاقیکرایەوە بە زیرەک و پێشکەوتوو درایە قەڵەم وە لە پۆلی سێیەم قبوڵ کرا، بەمەرجیٚ لە قوتابخانەکەی مامۆستا مەلا کاکە حەمە ساڵێکی تەواو نەکردبوو.

مامۆستا خوڕەوشتی هەموو قوتابیانی لە وتەیەکدا قاڵ کردبوو، رەوشتی بەرزی خۆی کارێکی تەواوی تیٚ کردبوون، دوو دەرسی تەواو مامۆستا ماوەی دام پرسیاریان لیٚ بکەم، لە هەر قوتابیەکم ئەپرسی وەکو بولبول وەڵامی ئەدایەوە. دەستخەتیان زۆر خۆشبوو، لە زانینی ئاینی و دنیایی باش بوون، عەرەبیان ئەزانی لەسەر شێوەی نویٚ کوردیان ئەنوسیەوە، مامۆستا شەوو رۆژی کردبووە سیٚ بەشەوە: بەشێکی بۆ (نوستن.. بەشێکی بۆ خوێندن و کارکردن، بەشێکی بۆ عیبادەت و پشودان). هەر بەشێکی هەشت سەعات بوو

بەپێویستی ئەزانی قوتابی خەوتن و خواردن و حەسانەوەی لەژێر چاودێریدا بێ و بەکات و میقدار بێ، وە بە پێی توانای مێشکی دەرسی پێ بوترێت، بە هەوڵی مامۆستا جیاوازی زیرەکیان یەکسانی بکات

لە پێشەوە دەنگ و وێنەو پیتەکانی کوردی و عەرەبی پێ ئەوتن و فێری ئەکردن، لەگەڵ خوێندن و نوسین، ئینجا سەرەتای ئاین و خوڕەوشتی فێر ئەکردن، پاش ئەمە عیلمەکان بەپێی ریزی خۆی لە هەر هەرێمێکدا پێنج ساڵ زیاتر نەدەمایەوە، بیست تا بیست و پێنج قوتابی ئەگەیاندە رادەی پێنجی سانەوی، قوتابی بەهەموو ئەو عیلمانە شارەزا ئەکرا کە ناویان هەبوو.

مامۆستا (ئەلفوبێ)یەکی نوێی داهێنابوو، بڕیاری دابوو لەساڵی چوارەمدا پەیڕەو بکرێت.

ئەو دوو شەوە میوانی بووم، تا درەنگ گفتوگۆمان ئەکرد، لە بیروباوەڕی گەیشتم، توانایەکی بێسنورم تێدا هەست پێکرد، بەو لاوازی و تەمەن درێژیەشەوە وا بە خۆیدا ئەپەرمو، وەک نەخشەی بۆ وشیارکردنەوەی گەلی کورد دانابێت وەها بوو، بەتەما بوو لەناو (داودە)وە ئالای شۆرش دژی (نەزانین) هەڵکات، لەساڵی چوارەمدا چوار قوتابخانەی لە چوار گوندی دەورو پشتی ئەو ناوە کردبوەوە، هەر پانزە رۆژ قوتابیەکی پێشکەوتوی خۆی ئەرکی مامۆستایی ئەو قوتابخانەیەی بەسەرەوە بوو، مانگی جارێک خۆی بۆ پشکنین و تاقیکردنەوە بەسەریانەوە ئەگەڕا.

ئەگەر ئەم پڕۆژەیە دە ساڵ بەردەوام بوایە، سەدەها قوتابی

وەکو خۆی ئامادە ئەکرد، داخەکەم وەک خۆی پاش دە ساڵ بۆی دەرخستم ئاواتی نەهاتەدی. ئەڵێت: من (٣٠) ساڵە خەریکم هەر دە ساڵ دووصەدو پەنجا کەسم بۆ دروست بکرایە، ئێستا حەوتصەدوو پەنجا مەلا کاکە حەمە بۆ کوردی عێراق خزمەتەکەی دەرئەکەوت.

مامۆستا مەلا کاکە حەمە وا نەبێت کەمتەرخەمی کردبێت، نەخێر، بەڵام چەپڵە بە دەستێک لێنادرێت دەستەیەک نیشتیمانپەروەر نەهاتنە کایەوە پەیڕەوی ئەم خزمەتەی بکەن و پشتگیری بکەن.

مەلا کاکە حەمە لە منالییەوە لەخزمەت باوک و دایکیدا بە زوبانی عەرەبی و فارسی دەست بە خوێندن ئەکات، ئەمەی بە دڵ نابێت چاریشی نەبوو وەک ئەڵێت: ئێمە بۆچی ئەبێت خوێندن و نوسینمان بە عەرەبی و فارسی بێت، قوەتی مێشکمان هەر بەشی فێربونی زوبانی غەیرە ئەکات، لە زانینی تر بێبەش ئەمێنینەوە؟. بەم خەیاڵەوە ئەتلایەوە تا بووە هۆیەکی گرنگ بۆ پاڵپێوەنانی بۆ ئەوەی هەر کتێبێکی بەو زوبانانەوە بخوێندایەتەوە بە کوردی ئەینوسیەوە؛ چونکە مەلا کاکە حەمە بەشداری شەڕی یەکەمی جیهانی کردبوو، چوست و چالاک بوو، حەزی لە وەرزش ئەکرد، هەموو قوتابیانی مەشق پێ ئەکرد تا لەشیان بەهێز بێت.

بڕیاری دا ماوەی ژیانی لە هۆشیارکردنەوەی گەلی کوردا سەرف بکات، بۆیە ئەڵێت: شەرتم کرد بە هەموو هێزی خۆم بێ ئەوەی خەیاڵی لەزەتی بەشەری بێت بە مێشکما و خەریکم بکات بە قەد توانام ژیان لەم خزمەتەدا دوایی پی بێنم، لەساڵی ١٩٢٦، ڕووی

کردە عەشایەرو دەستی کردە خزمەتیان کە ئەغڵەب لەو خزمەتە بێبەشن، مامۆستا مەلا کاکە حەمە لێرەدا بە تەواوەتی مەبەستی لەم خزمەتە ڕون ئەکاتەوە ئەڵێت: غایەمان تەنها خەبەربوونەوەی خەولێخراوەکانە لە قەومە هەژارە نەجیبەکەمان وە خەیاڵی کیبرو خۆپەرستی و قازانجی شەخسی لە مێشکما دەرکردن و هەموان خزمەتی یەک کردن بەواجب زانینەو هیچی تر.

هەرچەند مامۆستا مەلا کاکە حەمە لەم خزمەتە بەرزەدا تاق و تەنها بوو، بەڵام کۆڵی نەدا وەکو پاڵەوان دژی لەشکری نەزانین بوو لەم مەیدانەدا ئەیوت: تێری، برسێتی، پۆشتەیی، ڕووتی، حورمەت، بێحورمەتی، خۆشی و ناخۆشی، بەرزو نزمی، ناوبردنم بە چاک و خراپ لا وەک یەک وایە، وەختێ لێم پرسی: هیوات بۆ دوارۆژ چییە؟

لە وەڵامدا وتی: تەمەننام ئەمەیە ژیانم لەم خزمەتەدا بەخت بکەم، بەڵکو کە مردم نەمرم.

دڵنیابە مامۆستا ناوت نەمردووەو (نامرێ) ملیۆنەها کەس ژیان و ڕۆشتن کەسێک ئەم خزمەتەی تۆی نەکردوە، ئەم خۆبەختکردنەی تۆ بەڵگەیەکی هەرە گەورەیە بۆ نەمردنی ناوت، داوام لێکرد کە گەڕامەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو حەلە شتێکی لەسەر بنوسم، بەمە ڕازی نەبوو، وتی: تا لە ژیانم نامەوێ ناوم بکەوێتە ناوەوە، تا نەوترێ بۆ ناو خزمەت ئەکات. ئەو دوو شەوە لە قوتابخانەکەیدا مامەوە، وەک نەقش کرابێت لە مێشکمدا وا جێگیر بووە لەبیر ناچێتەوە، ئیتر لەوساوە چاوم پێی نەکەوتەوە.

له ١٩٥٦/١/٢٩ کاغەزێکم بۆ نارد بەشێوەیەکی جوان وەڵامی دامەوە، کردمە چاوقایمی لە ساڵی ١٩٥٧ لە گۆڤاری (شەفەق) کە لە کەرکوک دەرئەچوو، بە ناونیشانی (چرایەکی گەش لە کوردستان) شتێکی کورتم لەسەر نوسی، مامۆستا دڵگران بوو، ئاگاداری کردم ئەگەر دووبارەی بکەمەوە بە یەکجاری پەست ئەبێت، منیش ئیتر لەسەری نەڕۆشتم.

مامۆستا لەو شوێنانەی کە قوتابخانەی دانابوو، ناوێکی بەرزی بەجێ هێشتبوو، لە دەرگایەکی بەرینەوە چەسپاوەتە مێژووی کوردەوە، ئەو خەباتەی ئەو کردی بێوێنە بوە، نەک تەنها لەناو گەلی کوردا، بەڵکو لە هەموو جیهاندا هاوتای نەبوە، سەدەها رۆڵەی جوتیاری فێری نوسین و خوێندن و پاک و تەمیزی و خووڕەوشتی بەرزکرد.

لە ساڵی ١٩٦٠ مامۆستا بێهێزو لاواز بوو، لە ساڵی ١٩٦١ نەخۆشی دایگرت، لە (١٩٦١/٥/٥) کوڕەکانی هێنایانەوە سلێمانی لە ڕۆژی چوارشەممە ١٩٦١/٥/١٠ سەعات یەک و نیوی پاش نیوەڕۆ ئەمری خوای بەجێ هێنا، لە گردی سەیوان نێژرا، مەلا جەلالی کوڕی ئاگاداری کردم لەبەر ئەوەی لەسەر کوردایەتی بەند کرابوم، داخەکەم نەمتوانی بچم و بەشداری ماتەمی بکەم.

وەک بۆم دەرکەوت ئەم هۆیانە پاڵیان بە مامۆستاوە ناوە بۆ ئەو خزمەتە بەرزە:

١-مامۆستا پاڵپشتی حوکمدارێتی شێخ مەحمود بوە، بە چاوی خۆی هەرەسهێنانی ئەو دەورەی بینی، بەوە قایل بوو کە نەزانین

دەورێکی باڵای لە خنکاندنی ئەو دەزگا ساوایە هەبوو، گەل کە هۆشیار و خوێندەوار بوو زووتر بە ئامانج ئەگات.

٢-مامۆستا لەخۆیدا لە شارستانێتی دڵگیربوو، خۆشەویستی چیاو دۆڵ و هەردەکانی کوردستان دڵ و دەروون و چاوی پڕ کردبوو، جوتیاری خۆش ئەویست و بەزەیی پێدا ئەهات، ئەیزانی لە هەموو شۆڕشێکی ئاینده باری گران لەسەر شانی ئەو دائەنرێت، بۆیە بە فەرزی زانی ئەوان لە چنگی نەزانین رزگار بکات. خوڕەوشتی ناوشار وەکو چاوبرسێتی، منەمنی لا نەنگ بوو، چاوی لە بازرگانی نەبوو، نەی ئەویست بێتە مەلاو خۆی بە خەڵقدا بژێنێ، فەرمانبەری میریشی لا گران بوو.

## ئەوەی بۆ مەلا کاکە حمە کراوە

١- ساڵی (١٩٧٢) مامۆستا شاکر فتاح نامیلکەیەکی (٣١) لاپەڕەیی سەبارەت بە ملا کاکە حمە لە چاپخانەی کامەرانی سلێمانی چاپ کردووە ، وێنەیەکی جوانی سەردەمی ملا کاکەحمەی لەسەرە.

٢- ساڵی (١٩٧١ز) مامۆستا مصتەفا نەریمان ژیاننامەکەی بەشێوەیەکی مەیدانی و سەردان بڵاوکردۆتەوە ناوی ناوە مامۆستای نەمر.

٣- مامۆستا ئاوات ابوبکر بەهەمان ناونیشان نامیلکەیەکی چاپ کردووە ساڵی (٢٠١٧)

٤- مامۆستا هیمن عمر خۆشناو لیکوڵینەوەی لەسەر ئەلف و

بیکەی کردووە.

٥- قوتابخانەی (نەوجوانانی ملا کاکە حمە) لەسەرکارێزی سلیمانی کرایەوە ساڵی ١٩٨٤

وەزارەتی پەروەردەی عیراق/ بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی بابەتێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی ملا کاکە حمەی حاجی سیف الله خاوەنی یەکەم پروژەی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری.

نوسینی مامۆستا حسین عوسمان نیرگسەجاڕی ، م/ بەختیار/ جلال/ کورەزای ملا کاکە حمە.

مامۆستا زانا قرداغی نامیلکەیەکی (٩٠) لاپەڕەیی نوسیوە لەسەر ژیان و هەوڵەکانی ملا کاکە حمە بەناوی (ملا کاکە حمەی حاجی سیف الله زانایەکی گومناو) ساڵی ٢٠١٩ چاپخانەی حەمدی چاپی کردووە.

## بۆچی ئەوەندە لەسەر ملا کاکە حمە؟.

دوور نیە گوێگر و[١٦] خوێنەری ئازیز بپرسێت: بۆ چ ئەوەندەت نوسی لەسەر ملا کاکە حمە؟ لەکاتێکدا شیخ عمری ابن القرداغی کە شای زانایانی کوردستان بوو، دوو ئەڵقەت لەسەر دابەزان لە رادیۆی میحراب.

وەڵام/ بەراستی ملا کاکە حمە داهێنەر بووە، خاوەنی مەدرەسەی تایبەتی خۆی و مەنهەجی تایبەتی بووە.. مەلا کاکە

١٦. ئەم نامیلکە بەر لەچاپ بڵاو کراوەتەوە بە دەنگ لە رادیۆی میحراب.

حمە یەکەم شاسواری کوردی بوو کە کوردایەتی و دینداری گرێدا بەیەکداو جیای نەکردنەوە. ملا کاکە حمە ئەو کوردە دڵسوزە بوو کە دەسبەرداری هەموو بەرژەوەندی و خۆشبەختی و جگەرسۆزەکانی خۆی بوو لەپێناو گەیشتن بە ئاواتی خۆی ئەویش وریا کردنەوەی رۆڵەکانی کوردو چەکدارکردنیان بەچەکی زانست؛ بۆیە ملا کاکە حمە بۆخۆی بەتەنیا ئوممەتێ بوو.. بەڵام مەخابن ئاواتەکەی بردە ژێرگڵ!.

## دانراوەکانی ملا کاکە حمە

ملا کاکە حمە چەند کتێب و دانراوی هەیە، هەندێکیان تەرجەمە و وەرگێڕانە، هەندێکیشیان خۆی دایناوە:

١- تەفسیری هەموو قورئانی کردووە، قورئانەکەی نوسیوەتەوە لە (بسم الله و الحمد)ەوە.. تا کۆتایی سوورەی (الناس)، بەڵام نێوانێکی زۆری داناوە بۆ دێڕەکان، لەو نێوانەدا بەشێوەی پەڕاوێز تەفسیرەکەی نووسیوە، بۆ نموونە لەمانای سەرەتای سوورەی (البقرة)دا دەڵێت: (الم) سوێند دەخۆم بە (الله) بە (لطیف) بە (ملك) واتا: الف مانای (الله)یە، (ل) مانای (لطیف)ە، (م) مانای (ملك)ە..

(ذلك الكتاب لا ريب فيه):

ئەم کتێبە کە قورئانە هیچ شکی تیانیە کەلامی قەدیمی خوایە، (هدى للمتقين) عەمەل پێکردنی سەبەبی هیدایەتە بۆ خۆپارێزەکان لە موخالەفە.. بەم شێوە هەتا دەگاتە کۆتایی سوورەی الناس:

(الذي يوسوس في صدور الناس. من الجنة والناس):
ئەوانەی خەتەرە لەدڵا پەیا ئەکەن، لە جینیش و بەشەریشدا هەیە
شایانی باسە ئەم قورئان و تەفسیرە (٩٧٢) وەرەقەیەو لە بنكەی ژین پارێزراوە، بەژمارەی(٩١/٢٢٧) [١٧]
خۆزگایە خەمخۆرێک (تحقیق)ی بکردایە.

دەگونجێ زانکۆیەکی کوردی هەرسی جوزئەکە دابەش بکات بەسەر سی قوتابی ماستەردا، هەر یەکەیان لێکۆڵینەوە لە جوز وێک بکەن، ئەوە هەم خزمەتە بەدین و، هەم بەکورد، باش دەریش کەوت کوردستان - دین = گەندەڵستان!.

٢- مینهاجی نەوەوی کردووە بەکوردی لەسێ بەرگدا هەرسێ بەرگەکەی ماوەو پارێزراوە لە بنکەی ژین[١٨]. بەشی یەکەمی ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٣ چاپ کراوە لەلایەن مامۆستا محی الدین عبدالقادر قرداغی لە چاپخانەی نەورەس بەناوی (بەرنامەی ئایین بۆ زانیاری و زانین) بەڵام بەداخەوە تەواوی نەکردووە.

بەندە زۆر سوپاسی بنکەی ژین دەکەم بەریوەبەر و کارمەندان کەئەم کەلەپورانەی کورد دەپارێزن و وان لە خەمیاندا.. زۆر بەجوانیش پێشوازی بەندەیان کردوو دەسنووسەکانی ملا کاکە حمەیان خستە بەردەستم و، زانیاری زۆرم لێ وەرگرت- تایبەت مامۆستا علی شێخ وهاب- خوا پاداشتی چاکەیان بداتەوە، هەمان خۆزگەی تەفسیرەکەی بۆ ئەم کتێبەو زۆری تریشیان دوبارە دەکەمەوە.

---

١٧. فهرس مخطوطات مؤسسة زين، حسين حسن كريم، ١٢/١، ط ١، ٢٠١٢.

١٨ . فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ٥٤/١-٥٦.

٣-ناميلکەیەکی تایبەتی نوسیوە بۆ لادێ نشینەکان دەربارەی ئەصل و فەرعی دین، دوای (الحمدلله)و ناردنی صەلەوات بۆ پێغەمبەرو یارانی دەڵێت: یەکەم: ئیمان کە بە دڵ تەصدیق و باوەڕت ببێ، وەبە زمان بگوترێ (اشهد ان لا اله الا الله، واشهد ان محمدا رسول الله). یەعنی من باوەڕم هەیە، ئەیزانم، تەصدیقی ئەکەم، شاهیدی ئەدەم هیچ کەس و، هیچ شت نیە خوابێ لایقی پەرستن بێ ئیللا زاتی (الله) نەبێ، کە تەنهایە شەریکی نیە، لەخوایەتیا، هاوتای نیە لە زات و سیفاتیا، هەر ئەوە مەستەحەققە عیبادەتی بۆ بکرێ، وە عەبدایەتی بکرێ، قەدیمە هەر هەبووە، باقیە هەر ئەبێ... هتد

بەم شیوە وردەکارییە ئەم ناميلکەی نوسیوەو فێری قوتابی یەکانی کردووە، لە رەمەزان و غەیری رەمەزانیشدا بۆ کۆڕو کۆمەڵێ خەڵکی گوندەکانی خوێندۆتەوە. کۆتایی ئەم ناميلکە دێنێت بەوەی دەڵێت: ئەمەندە لەباسی عیبادەتا بۆ موسوڵمانان بەکۆمەڵ کافیە.

مامۆستا ملا صاڵح محمد أمین باق و بەرەیی دەڵێت: من لە خزمەتی مامۆستادا فەقێ بووم لە باخ و بەرە شەوانی رەمەزان و زستان خەلکی ئاوایی کۆدەکردەوە گەورە و بچووک دەرسی پێدەوتن کتێبێکی دانابوو دەربارەی ئەرکانی ئیسلام بە خەلکی دەوتەوە. دەگونجێ ئەم کتێبە بوو بێت.

٤-کتێبێکە دەربارەی دابەش کردنی میرات. لە سەرەتادا دەڵێت: (فرائیز) جەمعی فریزەیە، بەمەعنا (مفروزە) واتا: تەقدیرکراو لە

شەرعا.

زانینی (فرائیز) موحتاجە بەزانینی عیلمی فتوی، واتا: زانینی بەشی كوللە واحدێ لە وەرەسە. بە عیلمی نەسەب واتا: بزانی كە ئەم واریسانە كلی كەسێكیان بە مردووەكە نیسبەتی چۆنە؟ وعلیمی حساب، یعنی: جمع و، تەرح و، تقسیم و باقی حساب بزانی.

٥-عواملی بەركەوی كردووە بە كوردی بۆ زانینی قواعدی نەحوو، فەقێ دوای (عوامل)ی جورجانی خوێندوویانە. لەفەهرەسی دەزگای ژینیشدا ئەوەی تیایە، كە ئیزهاری كردووە بەكوردی كەئەویش هەر دانراوی بەركەوییەو ، درێژەی عەواملەكەیەتی، بۆ زانینی قواعدی نەحوو، فەقێ دوای ئونموزەج دەیانخوێند[١٩] .

٦- خولاصەی حساب ، تەرجەمەی كردووە بۆ كوردی، بەخەتی حاجی ملا كاكە حمە خۆی نوسراوە، سەرەتا و كۆتایی نوقسانە، نازانرێ كەی و لەكوێ نوسراوە، سوودی وەرگرتووە لەچەندین سەرچاوەی كۆن، وەك كتێبەكەی بەهادینی عامیلی، بۆیە دەگونجێ هەندێكی دانراوی خۆی بێت، هەندێكیشی تەرجەمە بێت[٢٠].

٧- قانونی عوقوباتی بغدادی، نازانرێ تەرجەمەیە، یان دانراوی خۆیەتی، لەسەر شێوەی پرسیارو وەڵام داویناوە، تا ئاسان بێت بۆ فێركردنی منداڵی كورد.

بۆ نموونە: دەڵێت: قانوون چیە؟ ئینجا وەڵام دەداتەوە[٢١] .

---

١٩. فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ٢١٠/١.

٢٠. فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ٢٨٣/١، ٢٨٤.

٢١. فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ، ٢٦٧/١

کاتێ مەلا کاکە حمە ئەم جۆرە قانوونانەی کردووە بە کوردی لەناو هەردوو دۆڵەکانی کوردستاندا، هیچ یاسا ناسێک ئەوەی بەبیردا نەهاتووە، بەڵام ئەو نەک تەنها کردوویە بە کوردی، بەڵکو فێری منداڵانی گەرمیانیشی کردووە.

لە کۆتایی ئەم کتێبەدا نوسیویەتی: تەواوبوو لە ناحیەی سەنگاو، لەدیوی دەلۆ لەماڵی روستەم ئاغا کوڕی حسنی حاجی قادر. لە حودودی دێی کۆیی لەحاڵی عەجزا، بە حەقیقەت دڵ پەرێشان و بێ تاقەتم.

دوای ئەوە نوسیویەتی: ٤٠ رۆژ زستانی تەقویمی ماوە. ٣٠ رۆژ زستان کەلی خانی ماوە. ٢٥ روژ زستانی گڵەزەردەی ماوە. ١٠ روژ زستانی گەرمیانی ماوە. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنی ملا کاکە حمە زۆر بە وردی ئاگای لە ساڵنامەکانی کوردستان بووە.

٨- قانوونی حقوق و واجباتی زەراعی کردوویەتی بە کوردی بەخەتی دانەر نوسراوە. پارێزراوە لە کتێبخانەی بنکەی ژین ، لە کۆتاییدا دەڵێت: تەواوبوو تەرجەمەکەی لە تەئریخی ٢٤/کانون الثاني/١٩٣٤=٨/شوال/١٣٥٢، وە ئەم نوسخە نوسرا لە ٢٩/کانون الثاني/١٩٤٠ لە (دوڕاجی) ناحیەی دوزخورماتو/ قەزای داقوق/ لیوای کەرکوک/ شەوە کاتب و تەرجومەکەری ملا کاکە حمەی حاجی سیف الله خەڵقی سلیمانی[٢٢].

جا برای خوێنەرو گوێگر وردبەرەوە لەو وردەکارییەی مامۆستا ملا کاکە حمە تۆمارەی کردووە لە نوسینەکانیدا، ئەمە نەک

---

٢٢. فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ، ٢٦٩/١.

تەنها تەرجەمەی کتێبێکی عەرەبی یە بۆ کوردی و بەس. بەڵکو مێژوویەکی وردی ئەو ناوچانەی گەرمیانە کە ئەو کاتە کوردێکی پەتی بوون ئەی ئیستا دوای هەشتا ساڵ شۆرش و صەدان هەزار قوربانی، ئەو شوێن و ناوانە کوردن لەژێر دەستی کوردان یان نا؟ وەڵامەکەی لای هەموان روونە.

هەروەها دەردەکەوی کە ئەم نوسخە بۆجاری دووهەم ملا کاکە حمە نوسیویەتیەوە بۆ ئەوەی کتێبەکەی نوسخەی زیادی هەبێ نەفەوتێ.

٩- تەرجەمەی قانونی تەسویەو حوقوقی ئەرازی لەزمە، عقرە، باغ. کە ساڵی ١٩٣٤ی میلادی بە عارەبی تەبع کراوە. دەڵێ: لە ١٩٣٨/٣/٨ تەرجەمەم کرد وە نوسیمەوە لە نیوەڕۆیەکا بۆ کوردەکان[٢٣].

١٠- هەندەسە بە زمانی کوردی لە کۆتاییدا نوسیویەتی نوسخەی یەکەم تەواوبوو لە روژی ١٩٤٠/٦/١٤ لە (خانی محمد ئاغا) ناو زەنگنە/ ناحیەی سەرقەڵا/ قەزای کفری/ لیوای کەرکوک زۆر پەریشانم، خوایا بەسە[٢٤].

ئەم جۆرە نوسینانەی ملا کاکە حمە دەری دەخات پەرێشانی زۆرجار یەخەی گرتووە، دەگونجێ بۆ حاڵی کورد بوبێت، یان بۆ ئەوەیش و ئاوارەیی و بێکەسی خۆیشی بووبێت کە خەڵک وەک پێویست نەیانناسیوە و بەدەم ئاواتەکانی یەوە نەچوون، من ئومێدم

٢٣ فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ، ١/ ٢٦٨.

٢٤. فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ، ١/ ٢٨٢.

وایە وشەی (خوایا بەسە)ی وەک دوعا فەرموویێت، نەک وەک ڕەخنە لە خوای تعالی.

١١-نامیلکەیەکی تری نوسیوە بەناوی (عیلمی حساب) ئەمە جیایە لە (ریسالەی حیساب) بەدووری نازانم تەرجەمەی ریسالەی حیسابی بەهادینی عاملی بێت. بەڵام نوقسانە و سەروبنی فەوتاوەو نازانرێ کەی و لەکوێ نوسراوە؟

١٢-نامیلکەیەکی تری بەناوی عیلمی دین، دەربارەی ئەوەی زانینی پێویستە بۆ موسوڵمانان ٢٥ لاپەڕەیە. نووسەرەکەی (فقی عبدالرحمان محی الدین) برای ملا صالح محمد امین باق و بەرەیی ١٩٥٥/١٠/١٢ = ١٣٧٥/٢/٢٦هـ.

١٣-هەر لەو دەسنووسەدا نامیلکەیەکی تری تیایە خەتی ملا کاکە حمەیە، ٣٧ وەرەقەیە، نوقسانە کۆمەڵی باس و خواستی پالفتەی دەرونیشی تیایە وەک خۆپارێزی لە ڕییا و کیبر و درۆ و حەسادەت و، ریباو.. هتد. ئەمیش هەر بە کوردییە. ئەمەیش دەری دەخات ملا کاکە حمە زۆر گرنگی داوە بە پاک کردنەوەی دەروون و لایەنی خۆپارێزی لە گوناه، وەک فەقێکانی ئەم شایەتی یەی بۆ دەدەن.

١٤-نامیلکەیەکی تری کردووە بە کوردی بەناوی (رسالە فی علم الهیئە) باسی فلکیات و، کەمم و، کەیف دەکات[٢٥].

١٥-نامیلکەیەکی تر بەناوی ئەخلاق و مەعلوماتی مەدەنی

---

٢٥ فهرس مخطوطات مؤسسة زین، ، ٢٨٦/١.

هەر بە کوردی، نووسەرەکەی ملا عبدالرحمان محمد امین باق و بەرەیی ١٩٦٢/٣/٢٢ لە خانەقین نوسراوە[٢٦].

١٦- إیساغوجی لە زانستی (**منطق**) دا، لە کۆتاییدا دەڵێت: تەواوبوو ئەمەندە لە مەنتیقدا لەدێی (هەنجیرە) لە ناحیەی سەنگاو لە قەزای چەمچەماڵ لە لیوای کەرکوک ١٣٦٦/٦/٥ هیجری.

لە پەراوێز و نێوان دیڕەکاندا ئەم کتیبە گرانەی کردووە بە کوردی کە هیچ (مدرس)ێکی کوردی ئەو سەردەمە ئەمەی بەدڵدا نەهاتووە. بۆیە دەتوانین بڵێین: ملا کاکە حمە پێشەنگە لە تەرجەمەدا بۆ کوردی.. تەنانەت مامۆستا عبدالکریمی بیارە و، مامۆستای خاڵیش لەو بوارانەدا پێشی نەکەوتوون.

١٧- گەلەنبەوی بورهان لە زانستی مەنتیق دا کردوویە بە کوردی لە کۆتاییدا نوسیویەتی: بە رۆژێک و تاقێک لێبوومەوە، شەوی یەک شەنبە ١٢/محرم/١٣٥٢ لە بێستان[٢٧].

لە عیبارەتا گەلێ لەفزو و ئصتیلاحم هەر بە عارەبی یەکە گوتووە، لەبەر ئەوەی اصتیلاحاتی عارەبی یەکەی پێ بزانرێ، ئەگەر نا ئەتوانرا بە کوردی ببێژرێ.

ئەمەیش دەری دەخات ملا کاکە حمە کوردی باش زانیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو زاراوانە لەناو خەڵکدا باو بووە بەوشێوە نوسیویەتی، وەک چۆن لەجیاتی عەرەبی دەڵێت: عارەبی چونکە ئەو لەفزە لەناو کوردەواریدا باوبووە.

---

٢٦ فهرس مخطوطات مؤسسة زین، ، ١/ ٢٦٥

٢٧ فهرس مخطوطات مؤسسة زین، ، ١/ ١٥١

١٨- كورتەیەک لە ئادابی بەحس بە کوردی[٢٨]

١٩- نەحوو صەرف بە کوردی[٢٩]

٢٠-  قەواعیدی زمانی کوردی[٣٠]

٢١- شافیەی ئیبن و حاجیبی کردووە بە کوردی[٣١]

نامیلکەیەکی لە زانستی ئیستیعارەدا کردووە بەکوردی[٣٢]

٢٢- **التأريخ الطبيعي** = میژووی سروشتی کردووە بەکوردی[٣٣]

٢٤- جوغرافیای عێراق و جوغرافیایەکی گشتی نووسیوە بە زمانی کوردی[٣٤]

٢٥- باسی ئەشیای حەیوان[٣٥]

-هەر لەناو دەسنووسەکانی ملا کاکە حمە لە بنکەی ژین قورئانێکی دەسنوسی تیایە بە خەتێکی جوان نوسراوە، وەقف کراوە لەسەر باپیری ملا کاکە حمە (ملا حبیب الله ولدی مرحوم ملا میر ملک) لە بەرواری (١٢٣٦)ە.

---

٢٨ فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ، ١/ ١٦١.

٢٩ فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ، ١/ ٢١٣.

٣٠ فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ، ١/ ٢١٦.

٣١ فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ، ٢٢٦/١.

٣٢ فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ، ٢٤٦/١.

٣٣ فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ، ٢٦٠/١.

٣٤ فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ، ٢٦٢/١-٢٦٤.

٣٥ فهرس مخطوطات مؤسسة زين، ، ٢٧١/١، ٢٧٢.

بیگومان ملا کاکە حمە زۆر کتێبی تری هەبووە زیاد لەمانەی من باسم کرد، بەڵام بەندە هەر ئەوەندەم بۆ ساغ کرایەوە لە تەماشا کردنی کتێبەکانی بنکەی ژین و، فەهرەستەکەیان، زۆر کتێبی تریشی هەبووە، فەوتاوەو نوسخەی لای کەسەکانی خۆیشی نەماوەو، نەگەیشتۆتە بنکەی ژین، بۆیە خوازیارم ئەم نووسینەی من هەڵنەر بێت بۆ ئەوەی هەرکەس لەو بارەوە شتێکی لایە ئاگادارمان بکات تا لە چاپەکانی داهاتوودا تۆماری بکەین إنشاءالله.

واللە من وراء القصد وهو حسبي ونعم الوكيل.